# چاپكراوی نوێ

بەم دواییە ڕۆماننووس دکتۆر کەمال سەعدی دوو ڕۆمانی بەچاپگەیاندن بە ناونیشانی (حەج و عومرە)و (خانمباز)، لە ڕۆمانی حەج و عومرەدا باس لە ڕێوڕەسمی حەج و عومرە دەکات، هەروەها کۆمەڵێك ڕووداوی گرنگی مێژوویی لەخۆ دەگرێت، دەربارەی رابردووی کەعبەو سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە پێناوی بەدیهێنانی دڵی خۆشەویستەکەی دەچێتە عومرە، چونکە دڵدارەکەی لە بنەماڵەیەکی ئاینییە. تا کۆتایی ڕۆمانەکە. ئەم کتێبە لە دووتوێی (١٤٥) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە.

ڕۆمانی دووەم (خانمباز) کە (٢٥٦) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند لەخۆدەگرێت، باس لە ژیان و ژینگەی خانمبازان دەکات، پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەر لە تەمەنی گەنجییەوە تا ئەو کاتەی پیریش دەبێت، هەر خەریکی خانمبازییەو گشت سەرمایەکەی بەو هۆیەوە لە دەست دەدات و مایەپووچ دەبێت، هەقایەتخوانی ڕۆمانەکەش بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیانی خانمبازان خۆی وەك خانمبازێك پیشان دەدات و دەچێتە ناو ژیانیانەوە. تا کۆتایی ڕۆمانەکە.

دەستخۆشی لە نووسەر دکتۆر کەمال سەعدی دەکەین. ئومێدەوارین کە بەم بەرهەمە بەپێزانەی کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردبێت. لەگەڵ هیوای سەرکەوتن.






# کێشەکانی میدیا لە هەرێم.. ئاسەوار.. ڕێگە چارە




قسەکردن لەسەر میدیا و کاریگەری و گرفتەکانی بەردەوام لە ئاڵۆزبووندایە ،چونکە میدیا وابەستەی گەشەی تەکنەلۆجیاو بازاڕو گەشەی بەرهەم و گەشەکردن و ئاڵۆزبوونی بوارەکانی دیکەی ژیانە هەر لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری..هتد، کە پێویستیان بە گەیشتن و دەسکەوتنی زانیاریە بە خێرایی و بەردەستی . ڕەنگە لە کۆندا میدیا تەنیا ئامرازێکی زانیاریی گەیاندن و بەزمەسات و پەروەردە بووبێت، لەئێستادا میدیا کاری ناساندنی بەرهەم و گەشەدانی ئابووری و ساغکردنەوەی کاڵا دروستکردنی بەکاربەرە بۆ بەرهەم و شتومەکەکان ، واتە زانستی میدیا تێکەڵ بووە لەگەڵ زانستی ئابووری، چونکە دوای سەرهەڵدان و گەشەسەندنی میدیای بازرگانی ئیتر میدیا ئاوێتەی بازاڕی ئابووری و کاڵا بوو ئەرک و ڕۆڵی زیاتری بۆ پەیدابوو کە بێگومان سروشتی کارکردن و کاریگەریشی گۆڕا. واتە لە ڕەهەندێکی دیکەوە باسی بکەین، کە ئەم کتێبە گرنگی پێداوە، میدیا ئێستا لەجاران زیاتر پێویستی بەرێکخستنی یاسا هەیە تاکو مافی وەرگر و بەکاربەر و نەتەوەو نیشتمان و کلتور بپارێزێت .لەگەڵ ئەوەی کە گەشەی فراوانی میدیا لە ڕووی جۆرو ناوەڕۆک و ئامرازەوە بووەتە کێشەی هەمووجیهان و وڵاتانی پێشکەوتووش کە سەردەمانێکە میدیایان بە یاساو بۆرد ڕێکخستووە لە ئێستا پێویستیان بە ڕێکخستنی زیاترو هەمووارو دەرکردنی یاسای نوێتر هەیە، تاکو میدیا وای لێبکرێت بخرێتە خزمەتی هاووڵاتی و نەتەوە نیشتمان و کلتوور. لە هەرێمی کوردستان ڕاستە سەدەیەکمان تیپەڕاندووە لە مێژووی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، بەڵام میدیا لەم هەرێمەدا جگە لەوەی وەک پێداویستییەکی حزبەکان دروست بووەو دامەزراوە کۆمەڵێک گرفت و بۆشایی یاسایی و ڕێکخستن و ئەرک پێدان و خستنە خزمەتی نیشتمان و نەتەوە هاووڵاتی هەیە، تاکو وەک دەیبینی لەو پاشاگەردانیی شپرزەی ژینگەی میدیایی و بەرکەوتەو زیانە کلتووری و ناسنامەیە کە بە تاک و نەتەوەکەمانی دەگەیەنێت، ڕزگارمان بێت. ئەم کتێبە کۆکراوەی زنجیرەیەک وتاری یەک لەدوای یەکە لە باسی کێشەکانی میدیا لە هەرێم و ڕێگا چارەسەرەکان.

لەگەڵ سوپاسم بۆ دەزگای گوڵان و سەرنووسەر و ستافەکەی کە بواریان بە مندا ئەو بابەتانە لە سایت و گۆڤارەکەیان بڵاوبکەمەوە، دواتریش ئەرکی دیزاین و ڕێکخستن و لە چاپدانی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ. دیارە ئەوە نیشانەی خەمخۆرییە بۆ میدیا و نەتەوەو نیشتمان.

**پ.ی.د.نەزاکەت حسێن**

**٢٠١٩-٤-١**

# کێشەکانی میدیا لە هەرێم..
# ئاسەوار .. ڕێگە چارە

پ.ی.د. نەزاکەت حسێن حەمەسەعید



کوردستان ٢٠١٩

Media Issues
Region.. Impa

کێشـــانەی میدیـــا لـــە هەرێمـــی
و نەبوونـــی سیســـتمێکی دیـــارو
بـــۆ میدیـــا لـــەم هەرێمـــەدا و
و میدیـــای نیشـــتمانی و ئـــەو
شـــپرزیەی ژینگـــەی میدیایمـــان
هردەیـــی و ئینتیمـــاو ناســـنامەی
اتـــدا ڕێگا چـــارەکان بـــۆ دەربـــاز
ێکیش لەمـــەڕ سۆشـــیاڵ میدیـــا و
ســـەرباری کاریگـــەری میدیاکانـــی
تەلەفزیۆن،سۆشـــیاڵ میدیـــاش
لەگـــەڵ خۆیـــدا هێنـــاوە.



# سەردانە دیپلۆماتییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەستپێکی گەشبینییەکان بۆ قۆناخیکی نوێ



نێچیرڤان بارزانی چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات و بە فەرمی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە یەکەم پەیامیدا بە بۆنەی دەنگپێدانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پەیامێکی بڵاوکردەوە، لەو پەیامەیدا نەخشەڕێگەی چوار ساڵی داهاتووی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، کە ئەویش لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی کوردستانە، ئەمەشی هەر لە یەکەم ڕۆژی هەڵبژاردنیەوە جێبەجێ کرد و لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا ژینگەی ئاڵۆزی سیاسیی کوردستانی گۆڕی بۆ کەشێکی دۆستانە و ئەمەشی لە ڕۆژی سوێندخواردنەکەیدا وەك سەرۆکی هەرێم، پیشانی دۆست و دوژمن دا.

لەماوەی ١٠ ڕۆژی یەکەمیدا وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی جیا لەوەی مەرسوومی هەرێمیی بۆ مسرور بارزانی دەرکرد و بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم ڕایسپارد، لە هەمانکاتدا سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ هەر سێ سەرۆکایەتیی (پەرلەمان و وەزیران و کۆمار)ی عێراق کۆبووەوە، ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە ژمارەیەك کوردزمان و نەیاری هەرێمی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، لە هەوڵی ئەوەدان کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تێك بدەن و ئەو ئاشتەواییەی لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە، بەرەو ئاراستەیەکی نەخوازراوی ببەن، بەڵام چوونی نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری بۆ بەغدا و دووبارە کاراکردنەوەی کۆی دۆسیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، ئەو هەوڵانەی نەزۆك کرد کە بە ئاراستەی ئەوە



بوون، جارێکی دیکە ئەو ئاشتەواییەی لەنێوان هەرێم و بەغدا دروست بووەتەوە، تێکی بدەن، بە دیوێکی دیکەدا ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاشتەوایی و یەکهەڵوێستیی (پارتی و یەکێتی )یش لەسەر ئاستی دۆسێیەکانی هەرێمی کوردستان و بەغداش.

کەواتە جیا لەوەی ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە سەرەتایەکی دیکەی تازە بۆ دووبارە خستنەوە گەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، لەهەمانکاتدا جۆرێك لە دڵنیایی دایە خەڵکی کوردستان کە سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کوردستان بەو هەوڵە نەزۆکانە تێکناچێت، کە هەندێك خەڵك بۆ بەرژەوەندیی حزبی و ئەملاوئەولا، چاویان بە خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستاندا هەڵنایەت.

هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی بۆ بەغدا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەڵامی ئەو بانگهێشتنامە فەرمییەی رەجەب تەیب ئەردۆگان-ی سەرۆك کۆماری تورکیای دایەوە و سەردانی تورکیای کرد و لەوێش وەك سەرۆکی هەر دەوڵەتێکی دیکە لە بە بەرزترین ئاستی پرۆتۆکۆڵی پێشوازیی لێکرا.

سەردانی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لەدوای بەغدا، ئەمەشیان ئاماژەیەکی دیکەیە، بەوەی ئەگەر هەرێمی کوردستان ئامانجی ئەوە بێت پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا هەبێت لەچوارچێوەی رێزگرتن لەو دەستوورەی کە زیاتر لە ٨٥٪ی خەڵکی عێراق دەنگیان پێ داوە، ئەوا سەردانەکەی بۆ تورکیاش ئەو مانایەی لێ دەخوێندرێتەوە کە کوردستان خوازیاری ئەوەیە هەمان پەیوەندیی بەهێز و پتەوی لەگەڵ کۆماری تورکیاش هەبێت، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەردوولا و رێزگرتن لەسەر بنەمای هاوسێیەتیی باش.

مەزندە و پێشبینییەکان بۆ هەنگاوەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیەن کە رۆژ لە دوای رۆژ هەم سەردانە دیپلۆماتییەکانی فراوانتر و کاریگەرتر دەبن، هەمیش کۆشکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رۆژانە پێشوازی لە شاندی وڵاتانی جیاواز دەکات، ئەم پێشبینییانە لەسەر ئەو بنەمایە دروست بوون،



کە پەیوەندیی بەهێزی دیپلۆماتیی هەر دەوڵەتێك لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ڕەنگدانەوەی پێگە و شکۆی ئەو دەوڵەتەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان بە فەرمی دەوڵەتیش نییە، بەڵام کاریگەریی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەمتر نییە، ئەوەشی ئەم بایەخ و گرنگییەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، بێگومان دوای شکۆ و پێگەی سەرۆك بارزانی، کاراکتەری سەرەکیی نێچیرڤان بارزانی- یە کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە دروستکردنی ئەم پێگە و شکۆیەی هەرێمی کوردستاندا گێڕاوە، لەلای دەوڵەتانی جیهانیش ڕۆڵ و پێگەی نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی سەرکەتوو سەلمێندراوە و بۆتە خاوەنی ئەو متمانە نێودەوڵەتییەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەك سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

پسپۆڕان و تایبەتمەندانی بواری حوکمڕانی، لە هەڵسەنگاندیان بۆ حوکمڕانیی سەرکەوتوو بەگشتی و سەرکەوتنی پڕۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، سێ خاڵی سەرەکی بە مەرجی سەرکەوتنی پڕۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا دادەنێن، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لە چوارچێوەی جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لە دەستووری عێراق.

٢- بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٣- حوکمڕانییەکی بەهێز بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

ئەم سێ خاڵەی کە وەك پێش مەرج بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان دانراون، لە ماوەی ١٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو لەسەر هەر سێکیان هاوتەریب کاری جددی و سەرکەوتووی لەسەر کراوە و بەرەوپێشەوە براون، چاوەڕێ دەکرێت دوای پێکهێنانی کابینەی تازەش هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان هەر سێ سەرۆکایەتی (هەرێم و حکومەت و پەرلەمان) زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبێت و کاریگەریی ئەرێنیی گەورەشی لەسەر کوردستان هەبێت.

زاگرۆس فەتاح محەمەدئەمین

لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا:

# کاری سەرەکیی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان گێڕانەوەی متمانەیە لەنێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدا

کێشەکانی حوکمڕانی تایبەت نین بە وڵاتێکی دیاریکراو، بەڵکو لەم سەردەمەی ئێستای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەرفراوانیی هۆیەکانی پەیوەندیکردن، حوکمڕانی خۆی بووەتە بەشێك لە کێشە و سەرکردە و دەوڵەتمەداری لێهاتوو لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە چۆن دەتوانێت لەناو قووڵایی کێشەکانەوە ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دەدۆزێتەوە. لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە چاوەڕوانی پێکهێنانی ئەم حکومەتە دەکەن و دەخوازن ئەم کابینەیە جیا لەوەی تەواوکاری کارەکانی کابینەی پێش خۆی بێت، هاوکات کۆمەڵێك بەرنامەی نوێی هەبێت کە بتوانێت باشتر خزمەتی هاووڵاتیانی کوردستان بکات. بۆ قسەکردن لە سەر پرۆسەی حوکمڕانی بەگشتی و ئەو ئەرکە گرنگانەی دەبنە ئەولەوییەتی کاری کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ زاگرۆس فەتاح محەمەدئەمین بەڕێوەبەری گشتیی بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



*** کێشەی حوکمڕانی، کێشەی هەموو دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسییە، ئایا ئەو میکانیزمانە چین لەناو ئەو کێشانەدا زەمینەی حوکمڕانیی باش دروست دەکەن؟**

- حوکمڕانی زانستێکی تایبەت و دێرینە و مرۆڤایەتی هەنگاو بە هەنگاو میکانیزمی تازەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوو گۆڕانکاری لە سیاسەتی حوکمڕانی دروست کردووە، ئەو دەرهاویشتە ئەرێنییایەن کە شۆڕشی پیشەسازی هێنایە ناو پرۆسەی حوکمڕانییەوە، بە واتایەکی دیکە دروستبوونی کەرتی تایبەتە هاوشانی کەرتی گشتی، یان (حکومەت). ئەم وەرچەرخانە ئەو مشتومڕەی دروستکرد، چۆن دەتوانرێت ئیدارەی دەوڵەت و کۆمپانیاکان بکرێن؟ ئاشکرایە دەوڵەت لەلایەن ئەو دەستەبژێرەوە بەڕێوەدەبرێت کە حوکمڕانی دەکەن، یان لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتیش لەلایەن ئەو خەڵکانەوە بەڕێوەدەبردرێن کە خاوەنی پارە و سەرمایەن، لەم نێوەندەدا دەرکەوت کە پێشکەوتنێکی گەورە لە شێوازی بەڕێوەبردنی کەرتی تایبەت بە بەراورد بە کەرتی گشتی هاتۆتەئاراوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ژینگەی کارکردنی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی دوو ژینگەی جیاوازن، بەڵام حکومەتەکانی رۆژئاوا توانییان سوودێکی ئێجگار زۆر لە کەرتی تایبەت وەربگرن. ئێستا ئەگەر چوارچێوەیەك بۆ پێناسەی حوکمڕانییە بەهێزەکانی جیهان دروست بکەین، ئەوا مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو پێمان دەڵێت، حوکمڕانیی ئەو دەوڵەتانە بەهێزن کە کەرتی تایبەت تیایاندا زۆر بەهێز و پێشکەوتووە. بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین

**ئەوەی لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوو گۆڕانکاری لە سیاسەتی حوکمڕانی دروست کردووە، ئەو دەرهاویشتە ئەرێنییایەن کە شۆڕشی پیشەسازی هێنایە ناو پرۆسەی حوکمڕانییەوە**

حوکمڕانیی باشمان هەبێت، دەکرێت سوودی زۆر لەو وڵاتانە وەربگرین کە توانیویانە بنەماکانی حوکمڕانیی باش پەیڕەو بکەن کە بریتین لە: سەروەریی یاسا، شەفافییەت، وەڵامدەر، کارکردن بە تێکڕایی، ڕەواو گشتگیر، کارکردن بە شێوازی چوستی و چالاکی، بەرپرسیار، بەشداریکردن.

*** لەم وەڵامە کورتە مەبەستت ئەوەیە پێمان بڵێیت هەتا کەرتێکی تایبەتی فراوان و بەهێز لە وڵاتدا بوونی نەبێت، حوکمڕانیی باش دروست نابێت؟ ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاستە بۆ لە ماوەی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا، ئەم کەرتە تایبەتە فراوان و بەهێزە لای ئێمەش دروست نەبووە؟**

- هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، حکومەت و پەرلەمانی خۆی لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە دروست کردووە کە لە حکومەتی عێراقەوە بۆمان مابووەوە، ئەوانیش یاساگەلی حکومەتێکی سەنتراڵی بووە لە چوارچێوەی میتۆدێکی دەوڵەتانی سۆشیالیستی، ئەمەش بەو مانایەی لەم جۆرە سیستمانەدا حکومەت هەموو کاروبارەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بوار نارەخسێنێت بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت گەشە بکات و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەم میراتە یاساییە وایکرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئەرکێکی گەورەی بکەوێتە سەرشان، هاووڵاتیانیش لەسەر هەمان میتۆد چاوەڕێی ئەوە بوون حکومەت هەموو ئەرکەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام وێڕای ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵ لە دوای ساڵ هەوڵیداوە بارودۆخەکە باشتر بکات و زەمینە بۆ دەرکەوتنی کەرتی تایبەت برەخسێنێت، لەم بوارەشدا ئەگەر بەراوردی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی عێراق بکەین هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ و پێش بڕینی بودجە و مووچەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، دەبینین کە حکومەتی هەرێم توانیویەتی زۆر زیاتر لە حکومەتی عێراق خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیانی خۆی بکات، ئەمە بەو مانایە نییە کە حکومەتی هەرێم بێ کەموکورتییە، یان ئێمە باشترین حوکمڕانیمان بەڕێوەبردووە.

*** لەگەڵ ئەوەی ئاماژەت بەوە کرد حوکمڕانیی کوردستانیش بێ کەموکورتی نییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ حکومەتی عێراق، جەختت لەسەر ئەوە کردەوە کە توانراوە خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بکرێت، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چی زیاتر لە حکومەتی عێراق کردووە؟**

- حوکمڕانیی ئێستای کوردستان لە زۆر بواردا پێویستی بە چاکسازی هەیە، خاڵی هەرە گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش، پرسی شەفافییەت و نەهێشتنی گەندەڵییە، بۆ ئەمەش چەند ساڵێکە دەستمان پێکردووە و بە قەناعەتی من هەر ئەوەش ئەولەوییەتی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. وێڕای ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمانەی کردووە:

١. هەتا ساڵی ٢٠١٤ کە حکومەتی بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی ناردووە، ساڵانە حکومەت بودجەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووەو پاشانیش هەموو ساڵێك لە کۆتایی ساڵدا حیساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، کە هەتا ئێستاش حکومەتی بەغدا حیساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق نەکردووە.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سیستمێکی تازە بۆ (گرێبەستی گشتی) دەربکات، کە بەپێی ئەم سیستمە حکومەت گرێبەست لەگەڵ لایەنێکی کەرتی تایبەت دەکات. پێشتر (گرێبەستی گشتی) لە چوارچێوەی یاسای گرێبەستەکان (قانون العقود)ی عێراقی گرێبەستەکانی دەکرد، کە بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو یاسا کۆنە، دەتوانرا دەستکاریی گرێبەستەکە بکرێت و بواری گەندەڵی زۆر بوو، بەڵام ئێستا بە ڕێنمایی تازە ئەو کەلێنانە پڕکراونەتەوە.

٣. وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی شورا توانیویەتی کۆی یاسا و ڕێنماییەکانی هەرێمی کوردستان کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی بەراوردێك بکات و بزانێت کام ڕێنمایی لەگەڵ یاسایەك، یان کام یاسا لەگەڵ ئەوی دیکە هاودژی دروست دەکات، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بێت، یاساکان هەموار بکرێنەوە، یان

**خاڵی هەرە گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش، پرسی شەفافییەت و نەهێشتنی گەندەڵییە، بۆ ئەمەش چەند ساڵێکە دەستمان پێکردووە**

**ساڵانە حکومەت بودجەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کردووەو لە کۆتایی ساڵێشدا حیساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمان کراوە، بەڵام هەتا ئێستا حکومەتی بەغدا حیساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق نەکردووە**

**حکومەتی هەرێم توانی گۆڕانکاریی زۆر لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان بکات و بە هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاری وەک (ڕێگەوبان، کارەبا، فڕۆکەخانە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، سایلۆ و.. هتد)ی جێبەجێ کردووە**

ئەگەر پێویست بکات، یاسای دیکە دەربکرێت.

٤. حکومەتی هەرێم توانی گۆڕانکاریی زۆر لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان بکات و بە هەزاران پرۆژەی خزمەتگوزاری وەك: ڕێگەوبان، کارەبا، فڕۆکەخانە، قوتابخانە، نەخۆشخانە، سایلۆ و .. هتد جێبەجێ کردووە.

٥. لە زۆر نیشاندەری پەرەپێدان توانیمان پێشکەوین بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، کە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو نیشاندەرانە لە بەشەکانی دیکەی عێراق باشترین.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن بەغداوە بوجەکەی بڕدرا، هەر لەو ساڵەدا داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەش ڕوویان لە کوردستان کرد و نرخی نەوتیش زۆر دابەزی، ئایا چۆن توانرا پلانی خۆتان بگۆڕن بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە نەکەوێت؟**

- بێگومان هەموو ئەوانەی ئاماژەی پێ دەکەن، کتوپڕ پێکەوە یەخەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان گرت و، قەیرانەکانیش یەك لە یەکتری قورستر و سەختتر بوون، هەر بۆ نموونە:

١. بە ڕێژەی ٩٠٪ی داهاتی کوردستان لەسەر ئەو بەشە بودجە بوو کە حکومەتی کوردستان لە پشکی بودجەی عێراقەوە بۆی دەهات، لەپڕ ئەمەیان بڕی.

٢. شەڕی داعش، شەڕێکی هێجگار گەورە و خوێناوی بوو کە بەرەی شەڕەکە زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر درێژەی هەبوو.

٣. نزیکەی ١,٨تا ٢ ملیۆن ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە بەمەش کتوپڕ بە ڕێژەی ٢٨تا٣٠٪ ژمارەی دانیشتووانی کوردستان زیادی کرد.

٤. ئەو بڕە نەوتەی کە خۆشمان هەمانبوو، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە (بۆ ٢٠-٢٥ دۆلار) وایکرد کە حکومەت نەتوانێت سوودێکی ئەوتۆ لەو نەوتەش وەربگرێت.

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە شرۆڤەی ئەم کۆمەڵە قەیرانە بکەین کە پێکەوە بەرۆکی کوردستانیان گرت، دەکرێت بڵێین: هەر دەوڵەتێك پێکەوە ڕووبەڕووی ئەو هەموو قەیرانە ببێتەوە، دەبێت بکەوێت و نەمێنێت، بەڵام مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ تێپەڕاندنی ئەو هەموو قەیرانە، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی قارەمان کە توانییان لەو بارودۆخە سەختە کوردستان لە مەترسیی تیرۆریستانی داعش بپارێزن، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان. ئەگەر ئەم دوو فاکتەرە نەبوونایە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەرگەی نەدەگرت، بەڵام بە بوونی ئەم دوو فاکتەرە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان چەند هەنگاوێکی گرتەبەر کە بریتی بوون لە:

ا- حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە بیری لەوە کردەوە کە هاوسەنگییەك لە نێوان (داهات و خەرجی) حکومەت ڕێکبخات.

ب- سیاسەتی دووربینانەی هەرێمی کوردستان بوو کە توانی یاسای نەوت و گازی هەرێم دەربکات و خۆمان ببینە خاوەنی سەرچاوەی سامانی سروشتیی خۆمان، بۆیە دوای ئەوەی لە شوباتی ٢٠١٤ حکومەتی بەغدا بودجەی بڕی، حکومەت توانی لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا نەوتی خۆی بفرۆشێت، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، نەتوانرا بەم ڕێگەیە، ڕێگە لە قەیرانە ئابوورییەکە بگرین، بۆیە حکومەت ناچار بوو سیاسەتی پاشەکەوتی مووچە بە ناچاری ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەمەشیان دیسان دەگەڕێتەوە بۆ جوامێریی خەڵکی کوردستان کە پشتگیریی حکومەتی خۆیان کرد و توانییان قەیرانەکە تێپەڕێنن.

ج- کەمکردنەوەی خەرجی وەزارەتەکان بە ڕێژەی ٧٥-٨٠٪، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی حکومەت سنوورێك بۆ قەیرانەکان دابنێت.

ئەم قەیرانانە ئەوەیان فێرکردین کە دەبێت هەموو کات پێشبینی قەیرانی لەناکاو بکەین، بۆیە لە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا لەسەر ئەم میتۆدە بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە قەیرانی دیکە هاتە ڕێگامان، باشتر بەرگە بگرین و سەرکەوتووانە تێپەڕی بکەین.

**مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی بۆ تێپەڕاندنی ئەو هەموو قەیرانە، دەگەڕێتەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی قارەمان و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان**

**سیاسەتی دووربینانەی هەرێمی کوردستان بوو کە توانی یاسای نەوت و گازی هەرێم دەربکات و خۆمان ببینە خاوەنی سەرچاوەی سامانی سروشتیی خۆمان**

**قەیرانەکان ئەوەیان فێرکردین کە دەبێت هەموو کات پێشبینی قەیرانی لەناکاو بکەین، بۆیە لە کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا لەسەر ئەم میتۆدە بەردەوام دەبین**

**بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵێک مەرجی پێشوەختەی هەیە بۆ یارمەتیی دارایی و مەرجە ئەو حکومەتەی کە هاوکاری لەگەڵ دەکەن، کۆمەڵێک چاکسازی بکات، بەڵام کاربەدەستانی عێراق لەو بوارەدا هەنگاویان نەناوە**

**دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە دەستووری عێراق کە گرێبەستی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدایە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت**

**دەبێت پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بێت و هەوڵبدرێت ئەو بارگرانییەی ئێستا لەسەر شانی حکومەت هەیە، سووکی بکەین**

*** ئەوەندەی ئێمە وەک چاودێر ئاگادارین، ئێوە لە پلاندانان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی هاریکار بوون و پێکەوە پلانێکتان هەتا ساڵی ٢٠٢٠ ئامادە کردووە، ئایا رۆڵ و کاریگەریی هاوکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئێوە چۆن بوو؟**

- لەگەڵ ئەوەی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتییش بە شێوەیەکی فەرمی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانانی ناوەند، یان حکومەتی فیدراڵی کار دەکەن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کاربەدەستانی ئەم چەند ساڵەی دوایی حکومەتی فیدراڵی بەردەوام هانی بانکی نێودەوڵەتییان دەدا کە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئێمە بە کردەیی ئامادەباشیمان بۆ چاکسازی و ریفۆرم لە هەموو بوارەکان تێدایە، ئەوە بوو توانیمان کاریان لەگەڵ بکەین و پێکەوە راپۆرتێک بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان دابڕێژین، راپۆرتەکەش هەتا ساڵی ٢٠٢٠ لەخۆ دەگرێت.

*** بانکی نێودەوڵەتی کاتێک لە چوارچێوەی مەرجەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ حکومەتێک دەکات، جیا لە هاریکاری تەکنیکی، لە هەمانکاتدا هاریکاری داراییشیان دەکات، ئایا ئێوە سوودتان لە هەردوو یارمەتییەکە وەرگرتووە؟**

- ئێمە لە رووی تەکنیکییەوە سوودێکی زۆرمان لە هاریکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بینیوە، بەڵام بەداخەوە لە رووی داراییەوە نەخێر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوان لە رووی داراییەوە مامەڵە لەگەڵ بەغدا دەکەن و دەبێت بیدەن بە بەغدا و ئەوان بیدەن بە ئێمە، بەڵام وەک خۆتان دەزانن، بەغدا لەو ساڵانە بودجەکەی خۆشمانی بڕیبوو، چ جای ئەوەی پارەی بانکی نێودەوڵەتیمان بۆ بنێرێت.

*** هاوکات وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی بەغدا بەرنامەیەکی هاوشێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی هەبوو، بەڵام ئەوان نەیانتوانی ریفۆرم بکەن، ئایا ئەوان بۆ نەیانتوانی؟**

- راستە حکومەتی عێراقیش لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختیی نێودەوڵەتی بەرنامەیەکیان هەبوو کە لە حکومەتی عێراقدا چاکسازی بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوان نەیانتوانی، دیارە بانکی نێودەوڵەتی کۆمەڵێک مەرجی پێشوەختەی هەیە بۆ یارمەتیی دارایی و مەرجە کە ئەو حکومەتەی کە هاوکاری لەگەڵ دەکەن، کۆمەڵێک چاکسازی بکات، بەڵام کاربەدەستانی عێراق ئەوەیان دەزانی، ئەگەر چاکسازییش نەکەن، کۆمەڵێک دەوڵەتی گەورە بەتایبەتی ئەمریکا پشتگیرییان دەکات و هاوکارییە داراییەکانی بانکی نێودەوڵەتی وەردەگرن، بۆیە خەمساردییان کرد و هەنگاویان بۆ چاکسازییەکان هەڵنەگرت.

*** وێڕای هەموو قەیرانە سەختەکان، بەڵام سوپاس بۆ خوا و بۆ جوامێریی خەڵکی کوردستان، ئەو قەیرانانە تێپەڕێندران، ئێستا لە کوردستاندا قۆناخێکی تازە هاتۆتە پێشەوە نێچیرڤان بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردراوە و مسرور بارزانی راسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ، ئایا چۆن سەیری ئەم وەرچەرخانە و ئەم قۆناخە نوێیە دەکەن؟**

- بێگومان ئەم وەرچەرخانە قۆناخێکی تازەی هێناوەتە پێشەوە، ئەمەش بە هەنگاوێکی دیکەی ئەرێنی بۆ ئەزموونی دیموکراتی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، لەبەر ئەوەی وێڕای ئەوەی ئێمە بۆ ماوەی ٧-٨ مانگە خەریکی دانوستاندنین بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام سوپاس بۆ خوا بە رێگەیەکی دیموکراتییانە پرۆسەکە بەرەو کۆتایی دەچێت، خۆشبەختانە ئەم پرۆسەیە ئەوەی سەلماند کە لە کوردستاندا دەتوانرێت لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراتیدا پرسی دەسەڵات یەکلایی بکرێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە. لەم قۆناخەدا تازەیەدا بە بڕوای من سێ ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشانمان کە بریتین لە:

١. ئەوەی گرنگە جەختی لەسەر بکەینەوە ئەوەیە چۆن بتوانین پێکەوە کاربکەین و هەوڵەکانمان یەکبخەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی باشتر پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکەین.

٢. گرنگە پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەهێزتر بکرێت. هەروەها دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە دەستووری عێراق کە گرێبەستی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدایە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

٣. گرنگە بە بەردەوامی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانمان بەهێزتر بکەین.

*** ئەگەر زیاتر جەخت لەسەر هەوڵەکانی کابینەی داهاتوو بکەینەوە کە پەیوەستن بە یەکخستنی هەوڵ و تواناکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هاووڵاتیان، ئایا دەبێت هەنگاوەکانی کابینەی داهاتوو چۆن بن؟**

- پێش هەموو شت دەبێت پرۆسەی چاکسازی بەردەوام بێت و هەوڵبدرێت ئەو بارگرانییەی ئێستا لەسەر شانی حکومەت هەیە، سووکی بکەین. هەروەها دەبێت بەردەوام حکومەت خەرجی بەکاربردن کەم بکاتەوە و داهاتی وەبەرهێنان زیاتر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر جێبەجێ بکات.

لایەنێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە دەبێت هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت فراوانتر و بەهێزتر بکەین، هەروەها پێشکەوتنی ئابووریی کوردستان پەیوەستە بەو لایەنەوە، کە لە ئێستادا پرۆسەی ئابووریی کوردستان پەیوەستە بە نەوتەوە، گرنگە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕێن بۆ ئەوەی سەرچاوەی داهات لە پێناوی بەهێزکردنی کەرتی تایبەت بێت. هەروەها بووژاندنەوەی ئابووری و دابینکردنی سەرچاوەی زیاتری داهاتی غەیر نەوتی، پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ئاسایشی خۆراك و پەرەپێدان بە کشتوکاڵ. ئەمانە هەندێکن لەو بەرنامانەی کە کابینەی نوێ کاری لەسەر دەکات لە بواری ئابووری.

*** هەندێك دەڵێن ئێمە هەر بەناو کەرتی تایبەتمان هەیە، لەمەش زیاتر دەڵێن کەرتی تایبەت نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی حکومەت سووك بکات، ئایا چۆن ئەو کەرتە تایبەتە بەهێز و فراوانە دروست دەکرێت؟**

- من دەڵێم کەرتێکی تایبەتی بچووکمان هەیە هەر بۆیە نەیتوانیوە ئەرکی سەرشانی حکومەت سووك بکات، بۆیە گرنگە لە حوکمڕانیی حکومەتی داهاتوودا، کەرتی تایبەت بکەین بە بزوێنەری ئابووری و پێشکەوتنی ئابووری، ئەمە بەو مانایە دێت کە کەرتی تایبەت بوارێکی فروانی لەبەردەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بۆیە ئەوەی ئێمە دەبێت کاری لەسەر بکەین، ئەوەیە کەرتێکی تایبەتی فراوان و گەورەمان هەبێت، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، یاسا و ڕێنماییەکانی ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە باش نین، ئێمە پێشتر بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی کارمان کردووە کە هەموویان کۆنن و لەسەر بنەمای میتۆدی سیستەمی سۆشیالیستی دانراوان کە بڕوایان بە کەرتی تایبەت نییە، بۆیە دەبێت ئێمە کۆمەڵێك یاسا و ڕێنمایی تازە دەربکەین کە بوار بکاتەوە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت گەشە بکات و بەهێز و فراوان بێت، هەر بۆ نموونە ئێستا لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا هاووڵاتیەك دەتوانێ لە ماوەی ٢-٣ ڕۆژ بە تێچووی ٢٠ دۆلار مۆڵەت بۆ کۆمپانیایەك وەربگرێت، بەڵام بەپێی یاسا و ڕێنمایەکانی ئێمە دەبێت ماوەی ٤٥-٦٠ ڕۆژ خەریك بێت و زیاتر لە ٤٠٠٠ دۆلار خەرج بکات بۆ ئەوەی مۆڵەتەکەی وەربگرێت. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕۆڵی سەروەریی یاسا زۆر گرنگە و دەبێت لە چوارچێوەی سەروەریی یاسادا بایەخ بە لامەرکەزییەتی ئیداری بدرێت، کە ئەمەشیان ڕۆتینی زۆر کەم دەکاتەوە و کاری هاووڵاتیانیش ئاسان دەکات.

*** پسپۆران ئاماژە بەوە دەکەن بەبێ بوونی سیستەمێکی بەهێزی بانکی، کەرتی تایبەت ناتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، ئایا ئەو سیستەمە بانکییە لە کوردستان بوونی هەیە؟**

- ئێمە سیستەمی بانکیمان نییە، بەڵام کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی بانکیی زۆر بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت وەبەرهێنان لە پارەدا بکات، ئەمەش ژێرخانێکی زۆر باش بۆ گەشەی کەرتی تایبەت دەڕەخسێنێت. زۆر ڕاستیشە سیستەمی بانکی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ گەشەی کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەی بەردەوام دەتوانێت پارەی گەورە بۆ پرۆژەکانی لە بانك قەرز بکات. وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەر ئەم بنەمایە پێشکەوتوون، لە پێشان سیستەمی بانکیی بەهێزیان هەبووە، ئینجا توانیویانە کەرتێکی تایبەتی بەهێز دروست بکەن. بۆیە سیستەمی بانکیی بەهێز بۆ کوردستان زۆر پێویستە. من دەزانم خەڵکی کوردستان متمانەی بە بانکەکانی کوردستان نییە، لەبەر

**دەبێت بەردەوام حکومەت خەرجی بەکاربردن کەم بکاتەوە و داهاتی وەبەرهێنان زیاتر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پرۆژەی خزمەتگوزاریی زیاتر جێبەجێ بکات**

**بووژاندنەوەی ئابووری و دابینکردنی سەرچاوەی زیاتری داهاتی غەیری نەوتی، پەرەپێدانی گەشتوگوزار و ئاسایشی خۆراك و پەرەپێدان بە کشتوکاڵ. ئەمانە هەندێکن لەو بەرنامانەی کە کابینەی نوێ کاری لەسەر دەکات**

**گرنگە لە حوکمڕانیی حکومەتی داهاتوودا، کەرتی تایبەت بکەین بە بزوێنەری ئابووری و پێشکەوتن، واتە کەرتی تایبەت بوارێکی فروانی لە بەردەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری ڕۆڵی خۆی بگێڕێت**

**ئێمە پێشتر بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی کارمان کردووە کە هەموویان کۆنن و لەسەر بنەمای میتۆدی سیستمی سۆشیالیستی دانراون کە بڕوایان بە کەرتی تایبەت نییە**

**کوردستان پێویستی بە سیستمێکی بانکیی زۆر بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت وەبەرهێنان لە پارەدا بکات، ئەمەش ژێرخانێکی زۆر باش بۆ گەشەی کەرتی تایبەت دەڕەخسێنێت**

**پێویستە لەنێوان هاووڵاتی و حکومەتدا فەزایەکی گشتی هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی بگاتە دەسەڵات و دەسەڵات گوێ لە ڕای هاووڵاتیان بگرێت**

ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا خەڵک نەیتوانیوە لەکاتی خۆی پارەکانی لە بانکەکان وەربگرێتەوە، بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم کابینە تازەیە ئەوەیە کە دەبێت ئەو متمانەیە بگێڕێتەوە بۆ هاووڵاتیان بۆ ئەوەی متمانە بە سیستمی بانکی بکەن و پارەکانیان لە بانکەکان دابنێن.

*** باست لە نەبوونی متمانە کرد لەنێوان هاووڵاتیان و بانکەکانی کوردستاندا، بەڵام پێت وانییە لەنێوان هاووڵاتیان دەسەڵاتیش بۆشاییەك هەیە؟ ئایا هۆکاری ئەو بۆشاییە چییە؟**

- بە بڕوای من ئەمە ئەرکێکی دیکەی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بەڕێز کاك مسرور بارزانی بەرنامەی بۆ ئەم کارە هەیە، ئەویش نزیککردنەوەی هاووڵاتیانە لە حکومەت و لە شێوازی دروستکردنی بڕیار لە حکومەتدا، ئەمەش بەو مانایەی ڕاستە حکومەت بڕیار دەدات، بەڵام دەبێت بڕیارەکان بەوجۆرە بن کە هاوبەشیی هاووڵاتیانی تێدا دروست بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە لەنێوان هاووڵاتی و حکومەتدا فەزایەکی گشتی هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتی بگاتە دەسەڵات و دەسەڵات گوێ لە ڕای هاووڵاتیان بگرێت. لایەنێکی دیکە بۆ بەشداریی هاووڵاتیان لە دەسەڵاتدا ئەوەیە ڕاوێژ بە هاووڵاتیان بکرێت لە شێوازی بڕیاردان لە سەر پڕۆژەکان، هەر بۆ نموونە ئێمە بڕیاری پڕۆژەیەکمان هەیە لە یەکێك لە قەزاکانی کوردستان، بەڵام خەڵکی ئەو قەزایە پێویستیان بە چەندین پڕۆژە لە بواری جۆراوجۆر هەیە، ئەگەر ئێمە لەگەڵ خەڵکی ئەو قەزایە قسەمان کردو پێمان گوتن، ئێمە بە بڕی یەك ملیۆن دۆلار پڕۆژەیەکی نەخۆشخانە بۆ قەزاکەتان دروست دەکەین، بەڵام دەزانین پێویستیتان بە چەند پڕۆژەی دیکەی وەك قوتابخانە و ڕێگەوبان و کارەبا هەیە، ئایا ئێوە خۆتان ئەلەوییەت بەکامیان دەدەن؟ ئەوا لەم حاڵەتەدا هاووڵاتی هەست دەکات ئیعتوبار و هێزی هەیە، بۆیە بە هەموو توانایەك پشتگیری حکومەت دەکات. خۆتان دەزانن لەم ١٠-١٢ ساڵەی ڕابردوو دیاردەیەك لەناو خەڵکی کوردستان دروست بووە کە بە چاك و خراپی حکومەت هەر دەڵێن خراپ،



بۆیە ئەگەر توانیمان هاووڵاتی بەشداری لە بڕیاردان بکات، ئەوا ئەو بۆشاییە پڕدەکەینەوە و حکومەت و خەڵك پێکەوە هاوکار دەبن بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی حکومەت.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە حکومەتی داهاتوو یەکێك لە بەرنامەکانی بایەخدان بە کەرتی تایبەت دەبێت، بەڵام کەرتی تایبەت هەتا ئێستا نەبۆتە سەرچاوەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان، ئایا چۆن کەرتی تایبەت دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان؟**

- ئەوە پێویستی بە دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی (بازاڕی کار) هەیە. پێش هەموو شت دەبێت ئەوە بزانین سیاسەتی بازاڕی کار،



خستنەڕوو و ویست (عرض و طلب)ـە، ئەمەش بەو مانایەی ئایا زانکۆکانی کوردستان، یان ئامۆژگا و قوتابخانەکانی پێگەیاندنی پیشەیی چ جۆرە کادرێك بۆ بازاڕی کار پێشکەش دەکەن، من لێرەدا زیاتر باس لە زانکۆکانی کوردستان دەکەم، لە بەر ئەوەی ستراتیژیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەو جۆرەیە کە گەنجان بە زانست پەروەردە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو زانستە لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی بەکاربهێنن، لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە وەك وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ کەرتی تایبەت قسەمان کردووە، ئەوان دەڵێن ئێمە خەڵکانێکمان دەوێت بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی بزانن، لە کۆمپیوتەر شارەزا بن، لێهاتوویی پەیوەندییەکانیان تێدا بێت و... هتد، بەڵام بەشێکی زۆر لە گەنجەکانمان لەم بوارانە دەرچووی زانکۆکانی کوردستانن و بە تەواوەتی فێری پسپۆڕییەکە نەبوون. لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە هەتا ئێستا لە کوردستان دامەزراوەیەکی فەرمی بۆ گەڕان بە دوای کاردا نییە، بۆیە دۆزینەوەی کار بە تەنیا لە ڕێگای ناسیاو و دۆست و برادەرەوە مسۆگەر دەبێت، گرنگە لە کابینەی داهاتوو دامەزراوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی دۆزینەوەی کار، لەم حاڵەتەدا زۆر بوار پێیوستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە، لە ناویاندا یاسای خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**هەتا ئێستا لە کوردستان دامەزراوەیەکی فەرمی بۆ گەڕان بە دوای کاردا نییە، بۆیە دۆزینەوەی کار بە تەنیا لە ڕێگای ناسیاو و دۆست و برادەرەوە مسۆگەر دەبێت**



## کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ئەرکە سەختەکان و خواست و ئومێدی هاووڵاتیان



لە ئەمڕۆی جیهاندا، حوکمڕانی تەنیا کێشەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، یان دەوڵەتانی باشووری جیهان نییە، بەڵکو کێشەیەکی گەورەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دەوڵەتانی باکووری جیهانیشە.

هۆکاری سەرەکی کە خودی حوکمڕانی کردۆتە کێشە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی پێشکەوتووش، پرسی بوون و نەبوونی دیموکراتی نییە، بەڵکو نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ناوبەناویش بە هۆی کارە تیرۆریستیەکانی ڕێکخراوەکانی داعش و هاوشێوەی داعشە، یانیش بە هۆی کارە تیرۆریستییەکانی (گورگە تەنیاکان) و نەبوونی سەقامگیریی ئاسایشە.

لە ساڵانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین هەتا ساڵی ٢٠٠٨ کە تەنگژەیەکی گەورەی ئابووری، ئەمریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپای گرتەوە، پسپۆڕانی زانستی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بوونی حکومەتێکی بەهێز و خزمەتگوزار، پەیوەستە بە دامەزراوەی بەهێز و پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵێك مەرجی دیکەوە، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٨ ئەم بۆچوونە وەك ئەمری واقیع پێچەوانە بووە و دەرکەوت کە دامەزراوەی بەهێز لە ژینگەیەکدا دەتوانێت بە باشی هەڵبسووڕێت کە هەردوو فاکتەری (سەقامگیری سیاسی و سەقامگیری ئاسایش) دابین کرابن و، ئەگەر هەریەکێك لەم

**هۆکاری سەرەکی کە خودی حوکمڕانی کردۆتە کێشە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و وڵاتانی پێشکەوتووش، پرسی بوون و نەبوونی دیموکراتی نییە، بەڵکو نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ناوبەناویش بە هۆی کارە تیرۆریستیەکانە**

**دامەزراوەی بەهێز لە ژینگەیەکدا دەتوانێت بە باشی هەڵبسووڕێت کە هەردوو فاکتەری (سەقامگیریی سیاسی و سەقامگیریی ئاسایش)ی تێدا دابین کرابن**

**پێوەرەکان بۆ کارایی حوکمڕانی و هەڵسووڕانی دامەزراوەکان بۆ بەرهەمهێنانی حوکمڕانیی باش، لە دوای دابینکردنی (سەقامگیری سیاسی و ئاسایش) ـەوە دەست پێدەکەن**

**گرنگە نەتەوە جیاوازەکان نموونەی جیاوازی حوکمڕانیی باش پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی ململانێی ئەرێنیی نێوان نەتەوەکان بەردەوام بێت و کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ڕانەوەستێت**

دوو فاکتەرە، یان هەردوو کیان پێکەوە بوونیان نەبوو، ئەوا دامەزراوەکان چەند بەهێزیش بن، دەوڵەت دوچاری لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسیی (Political Decay) دەکاتەوە.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: پێوەرەکان بۆ کارایی حوکمڕانی و هەڵسووڕانی دامەزراوەکان بۆ بەرهەمهێنانی حوکمڕانیی باش، لە دوای دابینکردنی (سەقامگیری سیاسی و ئاسایش)ـەوە دەست پێدەکەن، ئەگەر لە وڵاتیکدا نەتوانرا ئەو دووفاکتەرە دابین بکرێت، ئەوجا ئەو وڵاتە با ئەمریکا بێت، کە خۆی بە سوپەرپاوەری جیهانی دەزانێت، یان دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی یەکێتی ئەوروپا بێت، کە خۆیان بە خاوەنی پێوەرەکانی کۆپنهاگن بۆ حوکمڕانیی باش دادەنێن، ئەوا وەك ئێستا دەیبینین، یەکێتی ئەوروپا کەوتۆتە دووڕیانی لەبەریەك هەڵوەشان، یان وەك بەریتانیا لە هەوڵی ئەوەدان لەو یەکێتییە بچنە دەرەوە، لەسەر ئاستی ئەمریکاش، ئەمەشیان دیارە لەو کاتەوەی ترەمپ چۆتە کۆشکی سپی، ئەمریکا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەك هەر وازی لە سەرکردایەتیی سیستمی لیبراڵی، یان ئەوەی پێی دەگوترێت (سیستمی نوێی جیهان) هێناوە، بەڵکو بە کردەیی هەوڵ بۆ هەڵوەشاندنەوەیان دەدات و لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتیش، دامەزراوە بەهێزەکانی ئیدارەی ئەمریکای پەك خستووە و ئەوەی خۆی دەیەوێت، بە تویتێك یەکلایی دەکاتەوە.

ئەم حاڵەتی پەرتەوازەیی و پاشاگەردانییە بە هۆی ناسەقامگیری (سیاسی و ئاسایشەوە) رووی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و دەوڵەتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامییش کردووە، بەڵام جیاوازی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە ئەوەیە کە هەندێ لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە سەرۆکەکانیان باشتر لە مەترسی نەبوونی ئەم دوو فاکتەرە لەسەر بەردەوامی پاشاگەردانی و پەرتەوازەیی وڵات تێدەگەن، بڕیاری قورس و یەکلاکەرەوە دەدەن و خۆیان لەو پێوەرانە دەرباز دەکەن کە هەتا ساڵی ٢٠٠٨ پێناسەی (دەوڵەتی ئازاد، یان حوکمڕانیی باش)ی پێ کراوە، لەوانە (بەرازیل، تورکیا، پۆلەندا، ڕۆمانیا، تا ڕادەیەکی زۆر میسر و ...هتد) کە ڕاشکاوانە بڕیاری خۆیان داوە کە چیدیکە بە پێوەرە جهانییەکان حوکمڕانی ناکەن و بەو ئاراستەیە بڕیار دەدەن کە بتوانن سەقامگیریی سیاسی و سەقامگیریی ئاسایش بۆ وڵاتەکەیان دابین بکەن.

ئەم ئاراستەیەی ئێستای جیهان بۆ هەڵسەنگاندنی (حوکمڕانیی سەرکەوتوو و حوکمڕانیی شکستخواردوو)، بە پلەی یەکەم گرێ دراوەتەوە بە توانای دەوڵەت بۆ دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش، دوای ئەوە پێوەرەکانی (حوکمڕانیی باش و پرەنسیپەکانی دیموکراتی) باسیان لێوە دەکرێت.

دۆناڵد ترەمپ پێش ئەوەی بگاتە کۆشکی سپی، لە ساڵی ٢٠١٦ لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن رایگەیاند: «چیدیکە رووخاندنی رژێمەکان و بونیادنانەوەی دەوڵەت) کاری حکومەتی داهاتووی ئەمریکا نابێت.» ئەم قسەیەی ترەمپ سەرەتا ئەوەی لێ دەخوێندرایەوە کە ترەمپ ئەو کەسە نییە کە بتوانێت سەرۆکایەتیی وڵاتێکی سوپەرپاوەری وەك ئەمریکا بکات، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی رابردووی سەرۆکایەتییەکەیدا و لەمیانەی مامەڵە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر ئەم بنەمایە، دەرکەوت دیوی شاراوەی ئەو قسەیەی ترەمپ، مانای ئەوەیە کە سەقامگیری و تەناهی وەك بناخەیەك بۆ حوکمڕانی و هەڵسووڕانی باشی دامەزراوەکان، بە راسپاردە و ڕێنمایی دەوڵەتانی دەرەکی و کۆپیکردنەوەی سیستمی سیاسیی وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە نابێت و، گرنگە نەتەوە جیاوازەکان نموونەی جیاوازی حوکمڕانیی باش پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی ململانێی ئەرێنیی نێوان نەتەوەکان بەردەوام بێت و کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ڕانەوەستێت.

ئەم ئاراستەیەی ئیدارەی ئێستای ترەمپ، بێگومان دوای سەرکەوتنی لە سێ ساڵی یەکەمی ئەم میتۆدە تازەیەدا، خەریکە خۆی لەناو ڕەندێکی فیکری و فەلسەفیشدا بۆ دابینکردنی ئاشتی هەمیشەیی لە جیهاندا، پێناسە دەکاتەوە، ئەم ئاراستەیە کە لە بنەڕەتدا ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی

جیهانی (ئەمانوئیل کانت) کە یەکەم کەس بوو (پرۆسەی ئاشتیی هەمیشەیی) بۆ نێوان نەتەوەکان دارِشت، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا (وۆردرۆ ویلسن) ١٤ خاڵە بەناوبانگەکەی بۆ مافی چارەنووسی گەلان راگەیاند و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش کۆمەڵەی گەلان (League of Nation) دامەزرا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کۆنگرێس، ئەندامیەتی ئەمریکا لە (کۆمەڵەی گەلان) رەتکردەوە، بەڵام ئەم رەتکردنەوەی کۆنگرێس بەو مانایە نەبوو کە ئەمریکای وێلسن، دژی سەربەخۆیی گەلانە، نەخێر، ئەو رەتکردنەوەیە بەو مانایە بوو کە پێویست نییە ئەمریکا وەك وڵاتێکی سەقامگیر لەسەر ئاستی سیاسی و ئاسایش، خۆی لە پرسێکەوە بگلێنێت، کە سەرەنجام کۆمەڵێك پابەندبوونی بۆ دروست دەکات و، جیا لەوەی شکۆی سەرووەریی و سەربەخۆیی ئەمریکا کەم دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا جۆرێك لە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی ئەمریکاش دروست دەکات.

ئەم مێژووە ئەگەر بۆ خوێندنەوەی حوکمڕانیی سەرکەوتوو و شکستخواردوو بکەینە پێوەر، ئەوا ئەوەمان فێردەکات کە بێجگە لە رەزامەندی و خۆشگوزەرانیی خەڵك و دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش، هیچ پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی سەرکەوتوو و حوکمڕانی شکستخواردوو بوونی نییە.

## • ئەزموونێکی گەورەی کابینەی هەشتەم و ئەرکە سەختەکەی بەردەم کابینەی نۆیەم

لەناو مێژووی ٢٧ساڵەی حوکمڕانیی کوردستاندا ئەزموونی هەرە گەورەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروستبوونی ئەو قەناعەتە بوو کە چیدیکە لەناو فەوزا و پەرتەوازەیی سیاسیدا حوکمڕانی سەرکەوتوو نابێت و ناتوانرێت وەڵامی خواست و داواکاریی خەڵکی کوردستان بدرێتەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کرد پێش هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هۆکاری و تەکنیکی و سیاسی، ئەم هەڵبژاردنە دواکەوت بۆ ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ و، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە دروشمی (بەرەو کوردستانێکی بەهێز) بەشداری کردو، لە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەش پارتی بووە خاوەنی ٤٥ کورسی لە کۆی ئەو ١٠٠ کورسییەی کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە پێکهاتەکان) ململانێیان لەسەر کردبوو.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر دەنگدەرانی کوردستان لە هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی رابردوو، پارتی دیموکراتی کوردستانیان خەڵات کردبێت بەوەی کوردستانی پاراست و نەیهێشت قەوارەی سیاسیی کوردستان لەبار بچێت، ئەوا لە لایەکی دیکەوە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیان خستۆتە سەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەبێت دروشمی هەڵبژاردنەکەی بکاتە واقیع و سەقامگیریی سیاسی بە پلەی یەکەم لە کوردستاندا دابین بکات و کۆتایی بە فەوزای سیاسی بهێنێت.

سەرۆك مسعود بارزانی کە وەك مەرجەعێك خۆی ئەندازیاری پاراستنی کوردستان و دابیکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی کوردستانە، بۆ بە پراکتیزەکردنی دروشمی (بەرەو کوردستانێکی بەهێز)، جیا لەوەی میتۆدێکی تازەی بۆ حوکمڕانی هێناوەتە ئاراوە، بەوەی دەبێت بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان لە سەرووی هەموو ئیعتوبارێکی دیکەوە بێت، لەلایەکی دیکەشەوە لەناو ئەو تیمەی (وەك بەشی پارتی لە حوکمڕانیی کوردستاندا) حوکمڕانیی کوردستانیشیان دەکەوێتە ئەستۆ، بە جۆرێکی ئەوتۆ ئەو تیمەی رێکخستۆتەوە کە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە تازەیەدا بن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەندامانی فراکسیۆنی پەرلەمانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردراون، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سەرلەنوێ هەیکەلی تیمی پارتی لە حوکمڕانیی کوردستاندا رێکخراوەتەوە.

لەم قۆناخە تازەیەدا هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کوردستاندا، مانای ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسەیە

**بێجگە لە رەزامەندی و خۆشگوزارنیی خەڵک و دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاسایش، هیچ پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی سەرکەوتوو و حوکمڕانی شکستخواردوو بوونی نییە**

**نێچیرڤان بارزانی ئەو کەسەیە کە دەتوانێت جڵەوی سەرکردایەتیی حوکمڕانیی کوردستان لەم قۆناخە لەئەستۆ بگرێت و بە کردەوەش سەلماندوویەتی ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە توانی لە دوای کارەساتی ١٦ای ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کوردستان لە لێواری هەڵدێر دوور بخاتەوە**

**مسرور بارزانی هەر لە رۆژی راسپاردنیەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەردانی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردنیان لە کابینەی داهاتوودا، سەلماندنی کە دەوڵەتمەدارێکی لێهاتوو و لێوەشاوەیە و توانای ئەوەی هەیە کە سەقامگیریی سیاسیی ناو حکومەت و ناو پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا بپارێزێت و زەمینەیەک بێنێتە ئاراوە کە حکومەت باشتر بتوانێت بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات**



کە دەتوانێت جڵەوی سەرکردایەتیی حوکمڕانیی کوردستان لەم قۆناخە لەئەستۆ بگرێت و بە کردەوەش سەلماندوویەتی ئەو دەوڵەتمەدارەیە کە توانی لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کوردستان لە لێواری هەڵدێر دوور بخاتەوە، سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لەو قۆناخە سەختە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرنامەیەی کە توانی لە ناو فەوزا و پاشاگەردانیی سیاسیدا، جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسی بۆ کوردستان بگێڕێتەوە. هەروەها هەڵبژاردنی مسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی کوردستان و جێبەجێکاری ئەو بەرنامە خزمەتگوزارییەی کە خەڵکی کوردستان ئومێدی لەسەر هەڵچنیوە، ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنەکانی پێشتری لە پاراستنی کوردستان لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و هەروەها پاراستنی سەقامگیری و تەناهیی کوردستان لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا، کەواتە ئەم کەسایەتییە بەهێزەش توانای ئەوەی هەیە کە لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەی لە حکومەتەکەیدا جێبەجێی دەکات، جۆرێکی باش لە سەقامگیریی سیاسی دابین بکات، بۆ ئەوەی حکومەت بەرنامە سیاسییەکەی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکات.

مسرور بارزانی هەر لە رۆژی راسپاردنیەوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی



هەرێمی کوردستان و سەردانی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستان بۆ بەشداریکردنیان لە کابینەی داهاتوودا، سەلماندنی کە دەوڵەتمەدارێکی لێهاتوو و لێوەشاوەیە و توانای ئەوەی هەیە کە سەقامگیریی سیاسیی ناو حکومەت و ناو پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا بپارێزێت و زەمینەیەك بێنێتە ئاراوە کە حکومەت باشتر بتوانێت بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمە هەنگاوەشی لەو خاڵەوە دەرکەوت کە رێگەی نەدا کێشمەکێشی سیاسیی نێوان حزبەکان ببنە بەشێك لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و زۆر لێهاتووانە هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی حوکمڕانی و کێشمەکێشی لایەنە سیاسییەکانی لە یەکتری جیاکردەوە.

هەنگاوەکانی مسرور بارزانی بەم ئاراستەیە کە لە دەستپێکی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تێبینی دەکرێت، سەرەتایەکی موژدەبەخشە بۆ سەقامگیری سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا و ئەگەر کابینەی نۆیەم لەم ئەرکە سەختەیدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەتەکەشی دەبێتە وەڵامدەرەوەی ئەو خواست و ئومێدەی کە خەڵکی کوردستان لەسەر کابینەی نۆیەم هیوایان لەسەر هەڵچنیوە.

# کەسایەتییە کاریزماکان مێژوو دەخوڵقێنن

**خزمەتەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی لە سێکتەرە جیاوازەکان فاکتەری بەرچاون و هەر ئەم فاکتەرانەش گەواهیدەری ئەو راستییەن کە بە «پیاوی رۆژە سەختەکان» بناسرێت**

لەو ساتە پڕ ئەسرینانەی نیشتمان و کاتێك هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت، حیکمەتی سەرۆکی هێژا رێزدار مسعود بارزانی هەرێمی کوردستانی لە مەترسییەکان رزگارکرد و هەولێری پایتەختی کردە ناوەندێك بۆ کوکردنەوەی دیپلۆماتکاران و سیاسەتمەدارانی جیهانی و هەرێمی.

لەم ساتانەدا کوردستان بەردەوام بەرەو هەڵکشان دەڕوات. کەسایەتییەکی کاریزمای وەك دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، قۆناغێکی نوێ لە دەوڵەتمەداری لە هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات، روونتر بڵێین کوردستان روو لە قۆناغێك دەکات کە هەولێر دەکاتە ناوەندی بڕیاردان، نەك بەغدا، چونکە رێزدار نێچیرڤان بارزانی یەکێکە لەو سەرکردە لاوانەی کە هەر لە سەرەتای بەرپرسیارێتییەوە خاوەن کاریزمایەکی نموونەیی و سەرکەوتوو بووە، ئەزموونێکی ناوازە و سەرکەوتووی لە سیستەمێکی پیشکەوتووی کارگێڕی هەیە و خزمەتەکانی لە سێکتەرە جیاوازەکانی وەك بینادنانی ژێرخانی ئابووری ودیپلۆماسیەت و پاراستنی ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان فاکتەری بەرچاون و هەر ئەم فاکتەرانەش گەواهیدەری ئەو راستییەن کە بە «پیاوی رۆژە سەختەکان» بناسرێت.

فاکتەرێکی بەهێزی سەرکەوتنی هەنگاوەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە هەمان رۆحیەتی پێشمەرگانەی سەرۆکی هێژا رێزدار سەرۆك مسعود بارزانی کاردەکات، ئەمەش وادەکات کە پێگەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنێتەوە سەردەمی زێڕینی خۆی.

**● خانەوادەیەکی تێکۆشەر و ناسراو لە خەبات و کوردایەتی**

رێزدار نێچیرڤان بارزانی لە خانەوادەێکی تێکۆشەر و ناسراوی کوردستان پێگەیشتووە، لە نێو خانەوادەیەکدا پەروەردە کراوە کە هزری نیشتمانپەروەری بەشێکە لە ژیانیان و زیاتر لە سەدەیەکە رابەرایەتیی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان دەکەن. خانەوادەیەك کە خاوەنی مێژوویەکی زێڕینن لە خەبات و تێکۆشان و هەمیشە خەباتیان بە خامەیەکی پڕکوردایەتی دەنووسرێتەوە. تێکۆشانی کوردپەروەرانەی باب و باپیران و مێژووی پڕ سەروەریی بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی بۆی ماوەتەوە، تەنانەت لە زۆربەی فەرهەنگە جیهانییەکانیشدا کە باسی شۆڕشەکانی کوردستان دێت، راستەوخۆ ناوی (بارزانییەکان) دێت، چونکە ئەوان وەك هێمایەکی نیشتمانی و کوردایەتی لە گشت شۆڕش و راپەڕینەکانی گەلی کوردستاندا رۆڵی سەرەکییان هەبووە.

**● بارزانییەکان هێمایەك بۆ کوردایەتی**

لەلایەکی ترەوە زۆربەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر ئاستی جیهان و کەسایەتییە بەئەزموونەکانی سیاسی و ئەکادیمی لە هەنگاوەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی تووشی شۆك بوون، بەتایبەتی لەوکاتەی کە پیلانی ١٦ی ئۆکتۆبەر رووی دا، هەنگاوەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی تایبەتمەندییەکی زۆری هەبوو، کە وایکردبوو هەموو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بە سەرسوڕمانەوە لێکدانەوەیان بۆ لێدوان و هەنگاوەکانی دەکرد، بەوەی هەڵسوکەوت و عەقڵی لە سیاسییەکی رۆژهەڵاتی ناچێت و خاوەن هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیەکی زۆر تایبەتمەندە، چونکە بە سیاسەتی نەرم و هەنگاوی لۆژیکی توانی شکست بە پیلانی چەند لایەنە لە دژی هەرێمی کوردستان بێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە مێژووی پڕقەیرانی چەند ساڵی رابردوو، دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی بە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو، بە مرۆڤێکی خاوەن ئەتەکێت و بە دیپلۆماتکارێکی پڕئەزموون و نەرم رەفتار و خاوەن بڕیاری دروست پێناسە دەکات. بەتایبەتی کە بە لێهاتوویی و بە سیاسەتی حەکیمانەی توانیویەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا زۆر سەرکەوتوو بێت، باشترین بەڵگەش ئەوەیە دەوڵەتمەدار بە هێمنی و لەسەرخۆیی



مەیادە محەمەد نەجار
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
بۆ گوڵان نووسیویەتی

توانی شکست بە پیلانی پیلانگێڕانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بێنێت و، تەواوی پیلانی نەیاران پووچەڵ بکاتەوە. بە زنجیرەیەك هەڵمەتی دیپلۆماسی توانی زۆربەی قەیرانەکان چارەسەر بکات و کێشمەکێشی نێوان بەغدا و هەرێم بە تێڕوانینی حەکیمانە بەرەو ئاقاری هێورکردنەوە و ئارامی بەرێت. بە رێکاری دیپلۆماسی و دیالۆگ هەنگاوەکانی دەست پێ کردووە، هەر ئەمەش وایکرد بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت و باڵانسی هێز رابگرێت و هەرێمی کوردستان لە کێشەی مەترسیدار پارێزراو بێت.

هەوڵەکانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی وەك ماراسۆنی دیپلۆماسی لەم ماوەیەدا توانی هەنگاوی زۆر تایبەتمەند بنێت، هەروەها ئەوەمان لەیاد نەچێت، یەکێك لە ئەرکە قورسەکانی سەرشانی دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی ئاشتکردنەوەی لایەنە کوردستانییەکان بوو، ئەمەش لەو چوارچێوەیەدا هات کە زۆر لەخۆبوردووانە هەنگاوی ناوە و هەردەم باوەڕێکی تۆکمەی بە لێکتێگەیشتن و دروستکردنی باوەڕ و متمانە لەنیوان لایەن و حزبە جیاوازەکاندا هەبووە، هەمیشەش خەونی گەورەی ئەوە بووە کە جارێکی دیکە پەرتەوازەیی و لێکدابڕانی هاونیشتمانی نەك هەر روونەداتەوە، بگرە یەکڕیزی و کاری پێکەوەیی بەرجەستە بکرێت.

زۆربەی چاودیرانی سیاسی ئەوە دەخەنەڕوو کە دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی توانی سەرۆکایەتی کابینەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سالی ٢٠٠٦دا بکات، کە ئەوکات ئەو هەنگاوە کارێکی زۆر ئەستەم بوو. دوای ساڵانێکی زۆر جەنگی ناوخۆ و قۆناغی دووئیدارەیی بە راستی راگرتنی هاوسەنگیی هێز تەنیا لە توانای ئەو دەوڵەتمەدارەدا بوو.

رێزدار نێچیرڤان بارزانی بە لۆژیکێکی ورد و پشتیوانیی مەرجەعی نەتەوەییمان رێزدار سەرۆك مسعود بارزانی توانی هەموو قۆناخە سەختەکان تێپەڕێنێت. ئەمرۆ هەست بەو هەنگاوانە و دەرئەنجامەکانی دەکەین. هەموومان شایەتی بۆ ئەنجامە سەرکەوتووەکانی دەدەین، بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بینیمان چۆن هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، عێراق، ناوچەکە و جیهان برووسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا دەوڵەتمەداری هەرێمێك نییە، بگرە دەوڵەتمەدارێکە لە سەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێگەی هەیە، ئەم پێگەیەش لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەوە هاتووە کە لە ماوەی حوکمڕانی وەك سەرۆك وەزیرانی کوردستان پیادەی کردووە.

### ● کابینەی نوێ و خەونی میللەت

ئەمڕۆ کوردستان رەوشێکی زۆر تایبەتمەندی هەیە و بگرە تا رادەیەك رەوشەکەی زۆر نایابە، چونکە مەرجەعی نەتەوەیی ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکێکی رۆحیی هەموو میللەت، رێزدار نێچیرڤان بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو، رێزدار مسرور بارزانی وەك ئەندازیاری ئارامی و پاراستنی ئاشتی و پاڵەوانی تێکشکاندنی تیرۆریزم، پێکەوە لە گۆڕەپانی سیاسی وەك چیایەکی بەهێز بەرامبەر بە نەیاران وەستاون و ئەمەش دەبێتە هەنگاوێك بۆ سەرکەوتنی میللەت و کۆتاییهاتن بە کێشەکان، بەتایبەتی بوونی مەرجەعی نەتەوەیی و ئامۆژگارییەکانی دەبێتە سمبولی بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا، بێجگە لەوەی هەنگاوە سەرکەوتووەکانی رێزدار مسرور بارزانی لە پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم نموونەیەکە کە جیهان شانازی پێوە دەکات. ئەمڕۆ پاڵەوانی تێکشکاندنی تیرۆر سەرۆکایەتیی کابینەی داهاتوو دەکات، ئەمەش زیاتر وادەکات ئەم کابینەیە بەهێز بێت و بتوانێت هەنگاوەکانی سەرکەوتووانە جێبەجێ بکات، ئەوەی گرنگە هەموو کورد بە تێڕوانینێکی گەشبینانە لە ئایندەی وڵات دەڕوانێت.

**هەنگاوە سەرکەوتووەکانی رێزدار مسرور بارزانی لە پرۆسەی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم نموونەیەکە کە جیهان شانازی پێوە دەکات و هەر پاڵەوانی تێکشکاندنی تیرۆریش سەرۆکایەتیی کابینەی داهاتوو دەکات**

پرسی حوکمڕانی پرسێکی هەستیار و ئاڵۆزە، بنیاتنانی حوکمڕانییەکی کارا و کاریگەر تەحەددییەکی قورس و دژوارە و ڕووبەڕووی هەر کۆمەڵگەیەك دەبێتەوە کە بیەوێت بە باشترین شێوە ئیدارەی سەرچاوەکانی بکات، بە دەربڕینێکی دیکە هەر کۆمەڵگەیەك کە خوازیاری ئەوە بێت وەرچەرخانی ڕاستەقینە ئەنجام بدات و هەنگاوی کرداری و بەرچاو هەڵبگرێت بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی، بە چەشنێك کە ئارامی و سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە و سەروەت و سامانەکان بە شێوەیەك دابەش بکات کە هەر تاکەکەسێك هەست بکات کە مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵدا کراوە، کە هەمو ئەمانە لە دەرئەنجامدا دەبنەهۆی بەهێزکردنی شەرعییەتی دامەزراوەکانی دەوڵەت، لە ئەنجامدا هەڕەشە و مەترسییەکانی ناکۆکی و شەڕ و دەست بەسەر سەرچاوە و داهاتەکانی دەوڵەتدا دەگرن. هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو پەیوەستن بە پرسی چۆنێتی هێنانەئاری حوکمڕانیی باش و ڕێگرتن لە دروستبوونی ئەو حاڵەتەی کە پێی دەوترێت (نەفرەتی سەرچاوەکان) کە زۆرجار هەندێ لە دەوڵەتانی دەوڵەمەند بەم سەرچاوانە بەدی دەکەین، کە بە شێوەیەکی بەرچاو شکستیان هێناوە لە سوودوەرگرتن لەم سەرچاوانە و بگرە ئەم سەرچاوانە بوونەتە مایەی ململانێیەکی توندی نێوان گرووپە جیاوازەکان و

**مایکڵ مۆسۆ**

داهێنەری تیۆری نۆرمە ئابوورییەکان بۆ گوڵان:

# تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش، گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگەیە



## دیمانەی تایبەت

**لە ئەنجامدا داهات و دەسەڵاتەکانیش خراپ بەکارهێنراون. ئەم پرسانە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکڵ مۆسۆ لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، کە وانەبێژی دیراساتی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان، دامەزراوەکان و ناکۆکییەکان. پرۆفیسۆر مۆسۆ داهێنەری تیۆری نۆرمە ئابوورییەکانە، کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەوەی چۆن دەرفەتە یەکسان و درێژخایەنەکان لە بازاڕدا دەبنە مایەی هێنانەئارای ئاشتی لەنێوان نەتەوەکاندا. هەروەها توێژەر بووە لە پرۆگرامی دیراساتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زانکۆی یاڵ، پرۆگرامی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەنتەری بەلفەر لە زانکۆی هارڤارد، ئەنستیتیوتی سالتزمان بۆ دیراساتی شەڕ و ئاشتی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، پێشترین بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە زانکۆی کۆچ لە ئەستەنبوڵ-ی تورکیا وانەبێژ بووە.**

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە بوونی سەرچاوە سروشتییەکان لە وڵاتێکدا لەبری ئەوەی بەکار بهێنرێت بۆ هێنانەئارای خۆشگوزەرانی و گەشەکردنی ئابووری و باشترکردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان، ئەوا بەهۆی ئیدارەدانی خراپەوە ئەم سەرچاوانە بەهەدەر دەدرێن و بگرە وڵاتەکەش دوچاری چەندین کێشە و گرفتی ئابووری دەبێتەوە، کە زۆرجار بەم دیاردەیە دەوترێت «نەفرەتی سەرچاوەکان»، تێڕوانینی ئێوە لە بارەی ئەم چەمکەوە لە رووی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو کاتە دەکرێت باس لە بوونی نەفرەتی سەرچاوەکان بکەین، کە بازاڕەکان بە دەست لاوازییەوە بناڵێنن و لە دەرئەنجامی ئەم لاوازییەشدا، خەڵکی ناچار بن پشت بە گرووپەکان ببەستن بۆ ئەوەی پارێزگارییان بۆ دابین بکەن و داهاتیان بۆ دەستەبەر بکەن. لەم رووەوە دەکرێت ئاماژە بە چەند چەشنێك لەم گرووپانە بکەین، وەك خێزانە گەورەکان، تیرە و هۆزەکان، پارتە سیاسییەکان، دەستە و تاقمە تاوانکارییەکان و.. هتد. واتە لێرەدا ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کاتێك بازاڕەکان لاواز دەبن، ئەوا خەڵکی ناچار دەبن لە شێوەی گرووپدا پەنا بۆ شەڕکردن ببەن، ئەویش لە پێناوی دەستڕاگەیشتن و بەدەستهێنانی سەرچاوە و داهاتەکانی دەوڵەت. هەرچۆنێك بێت، ئەمە پەیوەندییەکی راستەوخۆ نییە و دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم پەیوەندییە روون بکەینەوە:

١. ئەگەر بڕ و قەبارەی سەرچاوە سروشتییەکان زۆر نەبن، ئەوا بە ئاست و ئەندازەیەکی کەمتر شەڕ لەسەر ئەم سەرچاوانە دەکرێت. ئەم دەوڵەتانەش دەتوانن ببنە خاوەنی ئەزموونی دیموکراسی و دەکرێت بەهرەمەند بن لە باری ئارامی و سەقامگیرییەوە.

**ئەگەر سەرچاوە سروشتییەکان لە وڵاتدا لە ئاستێکی مام ناوەنددا بێت، لە هەمان کاتدا بازاڕیش لاواز بێت، ئەوا ئەگەرەکانی روودان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە لەم هەلومەرجەدا زۆربەی زۆری گرووپەکان نارازی دەبن لەو سەرچاوە و سامانەی بەدەستی دەهێنن**

٢. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە سەرچاوە سروشتییەکان زۆر بن (وەك هەناردەکردنی نەوت)، ئەوا ئەمە دۆخێك دەخوڵقێنێت کە شەڕێکی زیاتر بکرێت لەسەر ئەم سەرچاوانە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر گرووپێك لە شەڕەدا سەرکەوتوو بێت و بتوانێت کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات، ئەوا ئەو کاتە سەرچاوە و سامانێکی زۆریان لەبەردەستدا دەبێت، بۆ ئەوەی دابەشی بکەن بە سەر زۆرێك لە گرووپەکاندا و بەم شێوەیە دەتوانن کارێك بکەن کە ئەگەری هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ کەم بکەنەوە. بەڵام خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەم دەوڵەتانەش ئەوەیە کە دەوڵەتێکی سەرکوتکار و ئایدیۆلۆژین. لێرەدا دەتوانین وەك نموونەیەك ئاماژە بە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە بکەین.

٣. بەڵام ئەگەر بێت و سەرچاوە سروشتییەکان لە وڵاتدا لە ئاستێکی مام ناوەندیدا بێت، و لە هەمان کاتدا بازاڕیش لاواز بێت، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەگەرەکانی روودان و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لە ئاستێکی بەرزدایە، چونکە لەم هەلومەرجەدا زۆربەی زۆری گرووپەکان ناڕازی دەبن لەو سەرچاوە و سامانەی بەدەستی دەهێنن.

*** باشە ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێت، چۆن دەکرێت ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی سروشتین خۆیان لەم نەفرەتە لابدەن؟ بە شێوەیەکی دیکە ئایا چۆن دەکرێت ئەم وڵاتانە بە باشترین شێوە سوود لەم سەرچاوانە وەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن گەشەکردنێکی ئابووریی درێژخایەن و سەقامگیر دەستەبەر بکەن؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە چۆنێتی دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکانەوە هەبێت، ئەوا بە تێڕوانینی من دەبێت ئەم سەرچاوە سروشتییانە بێلایەنانە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر تاکە کەسەکاندا دابەش بکرێت. ئەگەر بەم شێوەیە کار بکرێت، ئەوا گرنگی و بایەخی گرووپەکان کەم دەبنەوە و کاڵ دەبنەوە، ئەو کاتەش هەموو کەس هەست دەکات کە مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی لەگەڵدا کراوە، بۆ نموونە: لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی ویلایەتی ئالاسکا- لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- بکەین، کە ئەم ویلایەتە بە شێوەی ساڵانە لە داهاتی نەوت بڕە پارەیەکی دیاری کراو بۆ هەر کەسێکی پێگەیشتووی ئالاسکا دەنێرێت، کەوابێت کە هیچ گرووپێك لەم پرسەدا لە ئارادا نەبێت و پارە و داهاتیش لە سووڕی سروشتیی خۆیاندا بێت، ئەو کاتە گەشەی راستەقینەی ئابووری دەستەبەر دەبێت، چونکە لەم دۆخەدا تاکەکان پارەکانیان لە دوکان و بازاڕە محەلییەکاندا خەرج دەکەن، هەروەها دەسەڵات و حکومەتە محەلییە هەڵبژێردراوەکانیش دەتوانن باج بەسەر خەڵکەکەدا بسەپێنن و داهاتی ئەم باجەش بەکار بهێنن بۆ دروستکردن و بنیاتنانی رێگاوبانەکان، قوتابخانە و نەخۆشخانەکان.

*** ئەوەی لە واقیعدا بەدی دەکرێت و بەرچاوە، ئەوەیە کە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی خاوەن سەرچاوەی سروشتین بەدەست حوکمڕانیی خراپەوە دەناڵێنن، کە لە ئەنجامدانی سەرچاوە سروشتییەکان و ئەو داهاتەی بەهۆی ئەم سەرچاوانە بەدەست دەهێنرێن بە هەدەر دەدرێن، کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین بوونی ئەم سەرچاوانە خۆیان لە خۆیاندا هۆکارێکی ئاسانکارن بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی ناکارا و ناکاریگەر؟**

- بە دید و تێڕوانینی من بوونی سەرچاوە سروشتییەکان بە تەنیا سەرناکێشێت بۆ دروستبوون و هاتنەئارای حوکمڕانییەکی ناکارا و ناکاریگەر. هەروەها من باوەڕم وایە ئەگەر لە کۆمەڵگەدا نۆرمی بەهێزی پەیوەست بە بازاڕەوە هەبێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر زۆربەی هاووڵاتیان و ئەندامانی کۆمەڵگە لە رێی کارکردنەوە ژیان و گوزەرانی خۆیان دەستەبەر بکەن، یان ئەم کارە لە رێی ئەنجامدانی گرێبەستەوە لەگەڵ کەسانی دەرەوەی کۆمەڵگەکەدا بکەن، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەو حاڵەتە لە ئارادا نییە کە پێی دەوترێت نەفرەتی سەرچاوەکان. لێرەدا ئێمە دەتوانین ئاماژە بە هەردوو وڵاتی کەنەدا و نەرویج بکەین، کە هەردوو ئەم وڵاتە نۆرمێکی بەهێزی بازاڕ و سەرچاوە و سامانێکی گەورە و زۆری سروشتییان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا حاڵەتێك نییە لەم دوو وڵاتەدا بە ناوی نەفرەتی سەرچاوەکان.

*** باشە کە بوونی سەرچاوە سروشتییەکان بە شێوەیەکی حەتمی سەرنەکێشن بۆ حوکمڕانیی خراپ و ناکارا و ئەگەر ئەزموونی سەرکەوتوو هەبێت، ئەو رێگاچارە و میکانیزمانە چین کە دەکرێت بگیرێنەبەر بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوانە بگۆڕدرێن بۆ ئامرازێك کە بە هۆیەوە حوکمڕانییەکی باش و کارا دابمەزرێنرێت و دەستەبەر بکرێت، ئایا باشترین**

**کەنەدا و نەرویج نموونەی ئەو وڵاتانەن کە نۆرمێکی بەهێزی بازاڕ و سەرچاوە و سامانێکی گەورە و زۆری سروشتییان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەم دوو وڵاتەدا حاڵەتێک بە ناوی نەفرەتی سەرچاوەکان بوونی نییە**

**دەبێت ئەم سەرچاوە سروشتییانە بێلایەنانە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر تاکەکەسەکاندا دابەش بکرێن، واتە دەبێت بە شێوەی مانگانە، یان ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو لە داهاتی ئەو سەرچاوانە بەسەر تاکەکاندا دابەش بکرێت**

**بوونی حوکمڕانیی باش لە حاڵەتێکدا کە سەرچاوەی سروشتی زۆریش لە ئارادا نەبێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا بەها و نۆرمی بەهێزی بازاڕ هەیە، کە ئێمە دەزانین بۆ هێنانەئارای گەشەکردنی ئابووری ئەم نۆرم و بەهایانە گرنگییەکی بنەڕەتیان هەیە**

**ستراتیژییەت و سیاسەت لەم رووەوە چییە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەوەی پەیوەندی بە چۆنێتی دابەشکردنی سەرچاوە سروشتییەکانەوە هەبێت، ئەوا دەبێت ئەم سەرچاوە سروشتییانە بێلایەنانە و بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر تاکەکەسەکاندا دابەش بکرێن، کە دەبێت بە شێوەی مانگانە، یان ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو لە داهاتی ئەو سەرچاوانە بەسەر تاکەکاندا دابەش بکرێت. دەبێت ئەم کارە بکرێت بە بێ چاوپۆشین لەوەی ئەو کەسە و ئەو هاووڵاتییە ئەندامی چ گرووپێکە و لە چ ناوچەیەکدا نیشتەجێیە، خۆ ئەگەر ئەم کارە بکرێت، ئەوا زۆربەی خەڵکەکە هەست دەکەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

*** با پرسیارەکە بە پێچەوانەوە بکەین، وا پێدەچێت زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە رووی ئابوورییەوە ئەدایەکی باش و بەرچاو و بگرە سەرسوڕهێنەریان هەبێت، ئەو وڵاتانەن کە بە شێوەیەکی بەرچاو خاوەنی سەرچاوەی سروشتی نین، لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی ئێوە بۆ ئەم حاڵەتە چییەو هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا رەوایە بڵێین نەبوونی سەرچاوەی سروشتی حوکمڕانیی باشی لێ دەکەوێتەوە؟**

- بە بۆچوونی من بوونی ئەم حاڵەتە — واتە بوونی حوکمڕانیی باش لە حاڵەتێکدا کە سەرچاوەی سروشتی زۆریش لە ئارادا نەبێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا بەها و نۆرمی بەهێزی بازاڕ هەیە، کە ئێمە دەزانین بۆ هێنانەئارای گەشەکردنی ئابووری ئەم نۆرم و بەهایانە گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە. دواتر ئەو وڵاتانە خاوەن سەرچاوەی سروشتین، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم سەرچاوانە بەشێکی بچوکی ئابووریی ئەم وڵاتانە پێکدەهێنن، چونکە ئێمە دەزانین ئەو وڵاتانە خاوەنی چەندین بەرهەمی دیکەن. لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەدا گرووپەکان ململانێ ناکەن لەسەر کۆنترۆڵکردن و دەستەبەرداگرتنی سەرچاوە و سامانی دەوڵەت، بەڵکو لەبری ئەوە، خەڵکی پتر پێداگیری دەکەن لەسەر بەدیهێنانی و پیادەکردنی سەروەریی یاسا، چونکە لەو کۆمەڵگەیانەدا نۆرم و بەهایەکی بەهێزی تاکەکەسیی پەیوەست بە بازاڕەوە هەیە. لەم روانگەیەشەوە دەکرێت بڵێین رێگاچارەی بەردەم کۆمەڵگە هەژارەکان کە خاوەنی سەرچاوەی سروشتین، لە پێناو پەرەپێدانی نۆرم و بەها تاکەکەسییەکانی پەیوەست بە بازاڕ ئەوەیە کە کار بکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێلایەنانە ئەو سامان و داهاتەی بەهۆی بوونی سەرچاوە سروشتییەکانەوە بەدەستی دەهێنن، بەسەر هاووڵاتییاندا دابەشی بکەن.

*** ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئایا مەسەلەکە بریتی نییە لە نەفرەتی حوکمڕانیی خراپ، لەبری ئەوەی پرسەکە پەیوەست بێت بە نەفرەتی سەرچاوەکانەوە، مەبەستمان ئەوەیە، ئایا ئەوە حوکمڕانیی خراپ نییە کە دەبێتەهۆی ئەوەی دەرفەتەکان لەدەست بدرێن و سەرچاوەکان بەفیڕۆ بدرێن؟**

- من پێم وانییە ریشەی کێشەکە، یان هۆکارە بنەڕەتییەکە بریتی بێت لە حوکمڕانیی خراپ، بەڵکو کێشە بنەڕەتییەکە بریتییە لە لاوازی نۆرم و بەهاکانی پەیوەست بە بازاڕەوە، کە ئەمەش لە دەرئەنجامدا سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی حوکمڕانیی خراپ، مەبەستم ئەوەیە هەر کاتێك بەهاکانی پەیوەست بە بازاڕ لاواز بن، ئەوا خەڵکی پەنا دەبەنەبەر بەها و نۆرمە دەستەجەمعییەکانی پەیوەست بە گرووپەکان، کاتێکیش نۆرمی دەستجەمعی پەیوەست بە گرووپەکان بەهێز بێت، ئەوا هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باش لە مەحاڵ نزیك دەبێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا خەڵکی پشتیوانی گرووپەکانیان دەکەن، گرووپەکانیش پێداگری دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی پشك و بەشی خۆیان لە سەرچاوە و سامانەکانی دەوڵەت. واتە لەم هەلومەرجەدا، هەر کەسێك کە لە نێو حکومەتدایە ناچارە دڵسۆز بێت بۆ گرووپەکەی خۆی و پابەندە بە هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنیەوە، واتە ئەمەیان بەلاوە گرنگترە لە پابەندبوون بە سەروەریی یاساوە، یان با بڵێین جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی بێلایەنانە. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین تاکە رێگەی بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش بریتییە لە گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگە، هەروەها باشترین رێگاچارەش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەنجامە لە حاڵەتی بوونی سامان و سەرچاوە سروشتییەکاندا بریتییە لە دابەشکردنی بێلایەنانەی ئەو سەروەت و سامانە بەسەر هاووڵاتیاندا.

**هەر کاتێک بەهاکانی پەیوەست بە بازاڕ لاواز بن، ئەوا خەڵکی پەنا دەبەنەبەر بەها و نۆرمە دەستەجەمعییەکانی پەیوەست بە گرووپەکان، کاتێکیش نۆرمی دەستجەمعی پەیوەست بە گرووپەکان بەهێز بێت، ئەوا هێنانەئارای حوکمڕانییەکی باش لە مەحاڵ نزیک دەبێتەوە**

**تاکە رێگەی بەدیهێنانی حوکمڕانیی باش بریتییە لە گۆڕینی بەهاکانی کۆمەڵگە، هەروەها باشترین رێگاچارەش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەنجامە لە حاڵەتی بوونی سامان و سەرچاوە سروشتییەکاندا بریتییە لە دابەشکردنی بێلایەنانەی ئەو سەروەت و سامانە بەسەر هاووڵاتیاندا**

**کاتێک بازاڕەکان لاواز دەبن، ئەوا خەڵکی ناچار دەبن لە شێوەی گرووپدا پەنا بۆ شەرکردن ببەن، ئەویش لە پێناوی دەستڕاگەیشتن و بەدەستهێنانی سەرچاوە و داهاتەکانی دەوڵەت**

# دابڕان دووربوونە، دووریش هەموو کات دۆستایەتیی بەرهەم ناهێنێت

زۆرن ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەوەی جۆرێك لە دابڕان لە نێوانماندا دروست بکەن، کە هەندێك جار هەستی پێدەکەین، هەندێك جاریش هەستی پێ ناکەین.

یەکێك لە هۆکارەکانی دابڕان هۆکارێکی کولتوورییە، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆرجار کە کێشەیەك دروست دەبێت و ناتوانن بگەن بە چارەسەر، یان ناتوانن بەیەکەوە بژین، پەنا دەبەنە بەر ئەو پەندەی کە دەڵێت: «دووری و دۆستی»، لە کاتێکدا هەقمانە بپرسین: چۆن لە دووریدا دۆستی دروست دەبێت؟ لە کاتێکدا لە دووریدا هەر ئەوەندە هەیە کە بە یەك ناگەین و، ئیدی وادەزانین کێشەمان نەماوە.

ئێمە دەبێت بە یەك بگەین، کە بە یەك گەیشتین، راستە کێشە دروست دەبێت، با کێشە دروست ببێت و چارەسەری بکەین، نەك بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، بڵێین با دووربین و هەرکەس لە ماڵی خۆی بێت.

هۆکارێکی دیکەی دابڕان هۆکاری ژینگەییە کە تا ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر دیارن. بۆ نموونە دەبینیت یەکێك لە مانگەکانمان ناوی رێبەندانە، چونکە کوردستان لە زەمانی دێریندا بە جۆرێك ژیاوە بەفر باریوە و ئەو مانگەش بەفرانبار بووە، کە بەفریش باریوە ئیدی رێبەندان بووە و رێگە نەبووە، بۆیە هەر کەس لە ماڵی خۆیدا دانیشتووە و چاوەڕێی کردووە هەتاوەکو کاتی بەهار دێتەوە.

باپیرانمان لە ژینگەیەکدا ژیاون کە زیاتر دووانەیی بووە، بەرزیان دیوە و نزمیان دیوە، بەهارێکی کورت و پاییزێکی کورتیان هەبووە، سروشتی ئێمە تا رادەیەك شەش مانگی هاوین و شەش مانگی زستانە، ئەم جۆرە بەرز و نزم و ئەم جۆرە زستان و هاوینە، ئەم جۆرە سروشتە دوالیزمەو هەردوو ئەگەری یان ؟ و یان؟ دروست دەکات، وەك دەستەواژەی یان من؟ یان تۆ؟ لە کاتێکدا سروشتی پێکەوە ژیان ئاوا نایێت.

زۆرجار کورد لەیەك دابڕاوە بە هۆکاری سروشتی وەك ئەوەی رووبارەکان سنوورەکانیان دیار کردووە کە ئەمە فلانە ئیمارەتە و ئەوەش فلانە ئیمارەت. لە رووی ئایینیشەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانە، بەڵام کاتێك کە تەماشا دەکەیت، دەبینیت کێشەیەك هەیە، کێشەکە ئەوەیە کە هەمیشە دوالیزمییەکی ئایینیی هەیە، زۆر کەم مامناوەندیبوون هەیە. دەڵێن: فلانە کەس زۆر موسڵمانە، فلانە کەس بێ باوەڕە، لە کاتێکدا ئایین خۆی وانییە. لە رووی ئایینییەوە کۆمەڵێك پلەبەندیی دیکە هەیە لە نێوان باوەڕ و کوفردا، کەواتە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئەمە سروشتی ئێمەیە کە ئەم سەرو ئەو سەری شتەکان دەبینین، یانی کەمجار دەکەوینە ئەو ناوەندە کە بتوانین رەنگەکانی دیکەش ببینین.

بڕوانە لە رووی سیاسییشەوە دەڵێن: فلانە کەس نیشتمانپەروەرە، فلانە کەس خائینە، لە کاتێکدا لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا کۆمەڵێك سیفەتی دیکە هەن کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن.

هەمان کێشەمان لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ دروست بووە. کورد زۆر یەکدی دەبینێت، بەڵام کە یەکدی دەبینێت، کەمتر لەیەکدی شت دەبیستن، کەمتر گوێ لەیەکدی دەگرن، یان بە مانایەکی دیکە پەیوەندییەکان لەنێوخۆی خزم و خێڵدا زۆر توندوتۆڵن، بەڵام ئەم لەگەڵ ئەوی دیکەدا زۆر تەبا نین.

**رۆژهەڵاتناسێکی وەکو (نیکیتین) دەڵێت: «کورد زۆر تێکەڵن، بەڵام زۆر کەم تەبان»، یانی بە تەنیشتی یەکەوە دەژین، یەکتر دەبینن، بەڵام نەچوونەتە ناو ناخی یەکدی**



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەم هۆكارانە بەسەریەكەوە پێمان دەڵێن ئێمە دەبێت پردێك دروست بكەین، تا پەیوەندیمان لەگەڵ یەكدا هەبێت، بۆیە رۆژهەڵاتناسێكی وەكو (نیكیتین) دەڵێت: «كورد زۆر تێكەڵن، بەڵام زۆر كەم تەبان»، یانی بە تەنیشتی یەكەوە دەژین، یەكتر دەبینن، بەڵام نەچوونەتە ناو ناخی یەكدی.

جۆرە دابڕانێكی دیكە هەیە لەنێوماندا كە لێكدابڕانە لە رووی تەمەنەوە، لە كۆمەڵگەی ئێمەشدا وەك هەر كۆمەڵگەیەكی دی، بەساڵاچووان هەن و گەنجان و لاوانیش هەن، ئەم دووانە پردێكیان پێویستە، یانی ئەم ئەزموونانەی كەوا بەتەمەنەكان هەیانە پێویستە بگوازرێتەوە بۆ ئەو كەسانەی گەنجن، بەتەمەنەكان دەڵێن: ئێمە ئەزموونمان هەیەو، گەنجەكان گوێمان لێ ناگرن. گەنجانیش دەڵێن: بەڵێ، لای ئێوە ئەزموون هەیە، بەڵام لەلای ئێمەش شارەزاییی سەردەمییانە هەیە، لەلای ئێوە خزمەت هەیە، لەلای ئێمەش خیبرە هەیە.

كەواتە لەنێوان ئەو ئەزموون و ئەو خزمەتەی كە بەساڵاچوویەك هەیەتی، لەگەڵ ئەم شارەزاییەی كە گەنجێك هەیەتی، پێویستیمان بە بەیەكگەیاندنی ئەو دوو زەمانە هەیە.

زەمەنێك هەیە لە پشتمانەوەیە، بەڵام زەمەنێكیش هەیە وا لە پێشمانەوەیە هێشتا پێی نەگەشتووین، لە نێوان ئەم دوو حاڵەتەدا ئێمە دەبێت شتێك دروست بكەین، چاوێكمان لەسەر ئایندە بێت و چاوێكیشمان لەسەر رابردوو بێت. سوود و پەند وەربگرین لە رابردوومان، چونكە دەڵێن هەر كەس هەڵەكانی رابردووی خۆی جوان نەناسێت، جارێكی دیكە تێیان دەكەوێتەوە.

كەواتە پرد هەر وەكو بەیەكگەیاندنی دوو زەمەنە، بەیەكگەیاندنی دوو شوێنیشە، رووبارێك كە هەر دوو بەری شارێكی لەیەكدی جیاكردۆتەوە، مرۆڤ بیری لە دروستكردنی پردێك كردۆتەوە لە نێوان ئەم دوو بەشەی شارێكدا، یان لە نێوان دوو شاردا، تەنانەت پردێك بەسەر دەریاوە لەنێوان دوو وڵاتیشدا دروست دەكرێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی كە دوو شوێن بەیەك بگەیەنێت، لە بەیەكگەیاندنی دوو شوێنیشدا، ئەزموونەكان تێكەڵاو دەبن، جۆرێك لە موتوربەكردنیان لێ دروست دەبێت.


لەوانەیە چەندین بیرۆكەو بیردۆزمان لە مێشكدا هەبن، بەڵام دەبێت پردێكیان بۆ دروست بكەین لەگەڵ واقیعدا، دەبینین زۆر بیرمەند هەن كتێب دەنووسن، بەڵام بۆچی ژیانیان پێ ناگۆڕێت، چونكە قسەكانیان تەنیا قسەی نێو كتێبن، لەبەرئەوە دەبینیت وڵاتانێك كە پێشی ئێمە كەوتوون، پردێكیان دروست كردووە لەنێوان كتێب و واقیعدا، كتێب دەبێت لەواقیعدا جێگەیەكی هەبێت، هەتا بتوانرێت تێست بكرێت.

ئەمڕۆ كێشەی ئێمە لەوەدایە كە پرد دروست ناكەین، دابڕانمان دروست كردووە، دەبێ دروشممان ئەمە بێ: (پرد دروست بكە، دیوار دروست مەكە)، چونكە كێشەی سیاسەتمەدارو بیرمەندو حزبەكانمان كێشەی گۆشەنیگایە، گۆشەنیگاكان جیاوازن، لەوانەیە هەموویان راست بكەن، چونكە لە گۆشەنیگای خۆیانەوە تەماشای كێشەكان دەكەن، بەڵام ئەگەر شوێنەكانیان بگۆڕنەوەو لە گۆشەنیگاكانی یەكدییەوە تەماشا بكەن، ئەوسا دەبینن ئەمان راست دەكەن و ئەوانیش راست دەكەن.

**كێشەی ئێمە لەوەدایە كە پرد دروست ناكەین، دابڕانمان دروست كردووە، دەبێ دروشممان ئەمە بێ: پرد دروست بكە، دیوار دروست مەكە**

# ئیسلامی سیاسی له ئیسرائیل

ئەگەر باسی مەینەتییەکانی جوو بە درێژایی مێژوو بکەین، ئەوا پێویستیمان بە چەند بەرگێکی گەورەی کتێب دەبێت، مێژووی ئەوان لەماوەی دوو هەزارساڵدا کە جوو لە جیهانی مەسیحیدا بوون پڕە لە مەینەتی و چەوساندنەوە و کوشتن و ئەشکەنجەدان و راگواستن و قڕکردن. لاهوتی سویسریی کریستیان هانز کونج Hans Kung دەڵێت: (پێویستە کریستیانەکان لەبیری نەکەن کە لە کاری توندوتیژی و دڕندەیی بەناوی مەسیحییەتەوە چییان بە جوو کردووە) جوو گەیشتنە قەناعەت کە لەنێو جیهانی مەسیحییەتدا جێی ژیانیان نابێتەوە، ئەوان کەمینەن و بە دەست مەینەتییەوە دەناڵێنن، گەلێکی بێ نیشتمانن Homeless Nation بۆیە چینێکی رۆشنبیری جوو لە سەروویانەوە رۆژنامەنووس (سیودر هرتزل) بیری کردەوە کە بۆ کۆتاییهێنان بە مەینەتییەکانیان نیشتمانێك بۆ جووە پەرتەوازەکان دابمەزرێنن، بەپشتبەستن بە پەیمانی کۆن Old Testament و پەیمانی تازە New Testament کە ئاماژەدەکات بەوەی کە خوا زەویی پیرۆز (فەڵەستین) Promised Landی بە میرات داوەتە ئیبراهیم و کوڕەکانی دوای (خۆی ئیسحاق و یەعقوب)، لە ساڵی ١٨٩٦ هرتزل کتێبی دەوڵەتی جوو(Jewish State)ی دانا، لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٧ یەکەم کۆنگرەی زایۆنی لە شاری بازلی سویسرا بە بەشداریی ٢٠٠ نوێنەری رۆژهەڵاتی ئەورووپا و رووسیا بەسترا، بڕیار درا نیشتمانێك بۆ جوو دابمەزرێت، پێشنیاری ئەرجەنتین، یان ئۆگەندا کرا، دواتر لەسەر فەڵەستین رێککەوتن، چونکە لە تەوراتدا ناوی بە خاکی پیرۆز هاتووە، هرتزل لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی سوڵتانی عوسمانی دانوستانی کرد، تا پەیماننامەیەك دەربکات، کە مافی گەڕانەوە بە جوو بدات بۆ فەڵەستین، بەڵام بستێکی نەدانێ، هرتزلپەنای بۆ بەریتانیا بردو چەندین دیداری لەگەڵ بەرپرسان ساز کرد، بەتایبەتیش لەگەڵ وەزیری نیشتەجێکان جۆزیف چامبۆرین-Joseph Chamber-lain کە پێشنیاری کرد نیشتمانێك لە عەریشی سینای میسر، یان ئۆگەندا دابمەزرێنن، بەڵام (حاییم ویزمان)ی جووی رووسی بە سیاسەت و هەنگاوەکانی هرتزل قایل نەبوو، بڕیاری دا لەگەڵ دەوروبەری شای بەریتانیا کۆبێتەوە، لە ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ فەرەنسی جۆرج بیکۆ Georg-es-Picot و بەریتانی مارك سایکس Mark Sykes رێککەوت کە فەڵەستین بخرێتە ژێر ئیدارەی نێودەوڵەتییەوە لە چوارچێوەی دابەشکردنی کانتۆنە عەرەبییەکان کە لە ژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون و لەدەستیان چووبوو، ئەو رێککەوتننامەیە بە سایکس پیکۆ ناسراوە، وایزمان لەگەڵ سیاسەتواناندا بەردەوام بوو، تا دواتر هەوڵەکانی بەئاکام گەیشتن بە بەڵێنی بلفۆر، ئەویش ئەوە بوو کە لە فەڵەستین نیشتمانێکی بۆ جوو دابین کرد، لە ساڵی ١٩١٧ ئارسەر بلفۆری وەزیری



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەرەوەی شانشینی یەکگرتوو نامەیەکی ئاراستەی والتەر رۆچیلد نوێنەری باڵای تایفەی جووی بەریتانی کرد، کە حکومەتی بەریتانیا لەسەری رازی بووە بەوەی خاوەن شکۆ قایلە کە دەوڵەتێك بۆ جوو لە فەڵەستین دابمەزرێت، داوای لێکرد کە ناوەڕۆکەکەی بگەیەنێتە یەکێتیی زایۆنی، ئەمەش سەرکەوتن بوو بۆ حاییم وایزمان، کە لە ساڵی ١٩٤٩ بوو بە یەکەم سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل، لە ساڵی ١٩٢٠کۆنگرەی سان ریمۆ لە ئیتاڵیا مافی ئینتیدابی دایە بەریتانیا بەسەر فەڵەستین، دواتر لە ١٩٢٢ لە کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لێدرا، بەم پێیە بەریتانیا بەرپرسیارێتیی فەڵەستین هەڵدەگرێت تا دەوڵەتێك بۆ جوو پێکدێت، دیارە بەریتانیاو فەرەنسا راوێژیان بە عەرەب نەکرد، بۆیە جەماوەری فەڵەستین خۆپیشاندانی نارەزاییان دژی بەڵێنی بلفۆر رێکخست، لە ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٩ چەند شۆڕشێکی گەورە دژی بەریتانیا بۆ پشتیوانیکردن لە جوو بەرپاکران، لە١٩٤٧ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەیڕەوکرد کە فەڵەستین بکات بە دوو دەوڵەت، یەکێك بۆ فەڵەستینییەکان ئەوی دیکەش بۆ جوو، (قودس)یش بخرێتە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتی، لە ساڵی ١٩٤٨ دیڤید بن گۆریۆن دوای کۆتایی ئینتیدابی بەریتانیا بەسەر فەڵەستین دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی راگەیاند، کە بوو بە یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ تا ١٩٥٤، جووە پەرتەوازەکان کۆچیان کرد بۆ دەوڵەتە تازەکەیان، لە ساڵی ١٩٤٩ یەك ملیۆن جوو گەیشتنە ئیسرائیل، بەم شێوەیە دەوڵەت کۆمەڵگەی نیشتەجێکردنی دروست کرد، دواتر زنجیرە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٤٨ هێزی پێنج دەوڵەتی میسرو سووریا و ئوردن و لوبنان و عێراق چوونە نێو ئیسرائیل بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە بووە هۆی کۆچکردنی نیو ملیۆن فەڵەستینی، دواتر شەڕی سویس لە ١٩٥٦ رووی دا، هەروەها شەڕی نسکۆ، یان شەش رۆژە لە ساڵی ١٩٦٧ رووی دا، بەمەش ئیسرائیل دەستی بە سەر میسر و جۆلانی سووریا و بەرەی رۆژئاوا و کەرتی غەزەی فەڵەستینیدا گرت، کە ئێستا بۆتە ململانێی ئیسرائیل لەگەڵ ئیسلامییەکان، بەتایبەتیش بزووتنەوەی ئیسلامی – لقی باکوور- لە ئیسرائیل بە سەرۆکایەتیی رائید سەلاح، چونکە میسر لە ساڵی ١٩٧٧ پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکرد، کاتێ سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات) بۆ یەکەم جار لەسەر داوای سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (مناحیم بیگن) سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و رێککەوتن کە ئیسرائیل بەرامبەر بە ددانپێدانانی میسر بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا لە سینا بکشێتەوە.. لە ساڵی ١٩٧٩و لە هاوینەهەواری کامپ داڤید رێککەوتننامەی کامپ داڤید The Camp David Accords لە ئەمریکا لەسەردەمی (جیمی

کارتەر)ی سەرۆکی ئەمریکا واژۆ کرا، بەڵام ئوردن لە ساڵی ١٩٩٤ پەیماننامەی ئاشتی (وادی عەرەبە)ی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کرد، سووریا هەر لە ململانێدا مایەوە و تائێستاش جۆلان لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدایە، لە ساڵی ٢٠١٩ ترەمپ مەرسومێکی واژۆ کرد و ددانی نا بە سەروەریی ئیسرائیل بە سەر جۆلاندا، هەندێ دەوڵەتی عەرەبی بۆ بەرژەوەندیی ئیستراتیژییان ڕێککەوتننامەی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کردووە و ئیسلامییەکانیش هەر لە ململانێدان، بەتایبەتیش لەناو ئیسرائیلدا.

> **چینێکی ڕۆشنبیری جوو لە سەروویانەوە ڕۆژنامەنووس (سیودر هرتزل) بیری کردەوە کە بۆ کۆتاییهێنان بە مەینەتییەکانیان نیشتمانێک بۆ جووە پەرتەوازەکان دابمەزرێنن**

### بزووتنەوەی ئیسلامی لە ئیسرائیل

ئەم بزووتنەوەیە فرەناوە: بزووتنەوەی ئیسلامی لە خاکی فەڵەستین کە لە ١٩٤٨ داگیرکراوە، بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو هێڵی سەوز، بزووتنەوەی ئیسلامی لەناو فەڵەستین، ئامانجیش ددان نەنانە بە ئیسرائیلدا، لەگەڵ ئەوەی کە بە بزووتنەوەی ئیسلامیی ناو ئیسرائیل ناسراوە، دوای ساڵێك لە دامەزراندنی ئیخوان موسلمین (حاجی ئەمین حوسەینی) کە موفتی و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی فەڵەستین بوو، لە ساڵی١٩٢٩ چاوی بە حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین کەوت، ساڵێك دوای دامەزراندنی ئیخوان موسلمین، کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان دامەزرا. لە ١٩٣١ زانکۆی ئەقسای ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆچی جوو بۆ فەڵەستین دامەزرا، لە هەمان ساڵیشدا کۆنگرەیەکی ئیسلامی بەسترا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، کاتێك شەڕی عەرەب و ئیسرائیل بەرپابوو و ئیسرائیل سەرکەوت بە ساڵی نسکۆ ناونرا، حوکمڕانیی سەربازیی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ تا ١٩٦٦ دەستی پێکرد، ڕێگەی بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ئیسلامی نەدا، جگە لە بزووتنەوەکانی سۆفیزم، عەرەبی ئیسرائیل لە گۆشەگیرییەکی تەواودا بوون لەگەڵ دەوروبەری ئیسلامی و عەرەبیدا، لە ساڵی ١٩٦٤ (پۆڵس)ی شەشەم پاپای فاتیکان سەردانی ئیسرائیلی کرد و ڕێگەی دا یانەی کریستیان بکرێتەوە، بەمەش ڕێگە بە فەڵەستینییەکانیش درا یانەی ئیسلامی بکەنەوە، وەك یانەی لاوانی موسڵمان، لە ساڵی ١٩٦٧ دیواری سەوز هەڵگیرا و فەڵەستینییەکانی ١٩٤٨ توانییان لە ناوچەکانی دیکە پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە بکەن، لە ساڵی ١٩٧١ لەگەڵ کەسوکاریان لە بەرەی ڕۆژئاوا و کەرتی غەزە پەیوەندییان بەردەوام بوو، زۆر قوتابی لە میسر دەیانخوێند و فیکری ئیسلامی سیاسی گەیشتە فەڵەستین، لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل، بەتایبەتی فیکری ئیخوان موسلمینی میسری، ئەم ڕووداوانە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧١ کە عەبدوڵا نەمر دەروێش بەردی بناغەی دانا، لە ١٩٧٧ یەکەم کۆنگرە لەناو ئیسرائیل بەستراو بڕیاردرا موسڵمانان بەرپرس بن لە موڵکەکانی وەقف و دامەزراندنی دادوەری شەرعی، لە ڕووی ڕێکخستنەوە ڕەتیانکردەوە پەیوەندییان بە ئیخوانەوە هەبێت، حکومەتی ئیسرائیل چاوپۆشی لە چالاکییەکانی بزووتنەوەکە کرد، چونکە چەکدار نەبوون تا ببنە ڕکابەری ڕەوتی عەلمانیی چەکداریی فەڵەستینی، بۆیە ڕێگەی دا زانکۆی ئیسلامی لە غەزە دابمەزرێنن، لە ١٩٧٩ ڕێکخراوی خێزانی جیهاد بە سەرۆکایەتیی فەرید ئەبو موخ دامەزرا، لەو ساڵەدا بوو کە شۆڕشی خومەینی هەڵگیرسا، ئەوانیش پێی کاریگەر بوون، بەتایبەتیش کە ئەو شۆڕشە بەڵێنی بە موسڵمانانی جیهانی ئیسلامی دابوو کە لە ڕژێمە ستەمکارە داگیرکارەکان ڕزگاریان بکات، ئەو ڕێکخراوە خەباتی چەکداریی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستینی لەژێر داگیرکاریی ئیسرائیل ڕاگەیاند، عەبدوڵا نەمر دەروێش ڕابەری ڕۆحیی ڕێکخراوەکە بوو، ئیسرائیل ڕێکخراوەکەی قەدەغە کرد و سەرکردەکانیشی دەستگیرکردن، لە سەروویانەوە فەرید ئەبو موخ و دەروێش و ڕائید سەلاح، دامەزرێنەرەکە دە ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو، دواتر بە ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەرەی میللی ڕزگاریخوازیی فەڵەستین لە ساڵی ١٩٨٥ ئازادکرا، بەڵام دەروێش بە چوار ساڵ زیندانی سزا درا و سێ ساڵی تێدا مایەوە تا لە ١٩٨٤ ئازاد کرا، دوای ئەوەی دەروێش لە زیندان دەرچوو، پێداچوونەوەی فیکریی ئەنجام دا و وازی لە خەباتی چەکداری هێنا، هێرشی کردەسەر بیرۆکەی سەعید حەوای سەرکردەی ئیخوانی سووریا کە بیرۆکەی شۆڕشی ئیسلامیی هێنائاراوە و ئیخوان موسلمینی لە سووریا دوچاری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمی حافز ئەسەد کرد بۆ ڕووخاندنی، لە شێوەی شۆڕشەکەی خومەینیدا، دەروێش زیاتر

> **بنیامین نەتانیاهو لە ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ئێستا، سەرکردایەتیی ڕاستڕەویی ئیسرائیل دەکات، بۆیە ماوەی سەرۆکایەتیی وەزیرانی ئەو درێژترین ماوەیە لە مێژووی ئیسرائیلدا**

تەركیزی كردە سەر لایەنی خێرخوازی و مرۆیی و بانگخوازی، كە بە كۆمەڵەی لاوانی موسڵمان ناوزەد كرا، حكومەتی ئیسرائیلیش گومانی لە نیازی هەبوو، ئەمەی بە تەكتیك زانی، بەڵام دواجار بۆی دەركەوت كە راستگۆیە، لە ساڵی ١٩٨٩ بزووتنەوەی ئیسلامی لە هەڵبژاردنەكانی خۆجێیی ئیسرائیل بەشداری كرد و چەند كورسییەكی پێویستی بردەوە، ئەندامانی كنێست لە حزبی لیكود هەوڵیان دا، نەهێڵن بزووتنەوەكە بەشداریی هەڵبژاردنەكان بكات، ئەوەی پەیوەستە بە هەڵبژاردنەكانی یاسادانانەوە ئەوا بزووتنەوەی ئیسلامی لەم بابەتەی كۆڵییەوە، بەڵام پێش هەڵبژاردنەكانی لە ساڵی ١٩٩٦ جیابوونەوە رووی دا و بزووتنەوەكە بوو بە دوو بەشەوە، یەكێكیان بە سەرۆكایەتیی عەبدوڵا نەمر دەروێش، دووەمیان بە سەرۆكایەتیی رائید سەڵاح، رەوتێكی دیكەش هەبوو بە سەرۆكایەتیی كەمال خەتیب، رەوتی دەروێش بە لقی باشووری بزووتنەوەی ئیسلامی ناسرا و ددانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا، پێی باش بوو بەشداریی هەڵبژاردنەكان بكات، داوای دیالۆگی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەكانی كرد، رێككەوتننامەی ئۆسلۆ پشتیوانیی لێ كرد، بەو پێیەی لە ساڵی ١٩٩٣ كۆتایی بە ململانێی چەكداریی نێوان رێكخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین هێنا، كە لەنێوان یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابین سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە ئەمریكا لە سەردەمی سەرۆك بیل كلنتۆن واژۆ كرا، ئیسحاق رابین لەلایەن ینگال رەمیر قوتابیی پەرگیری جوو لە زانكۆی تەلئەبیبی ئایینی كوژرا، چونكە ئەوەی كردی بەدڵی پەرگیرانی جوو نەبوو، بۆیە موردخای ئیلیۆن حاخامی توندڕەوی جوو دوای كوشتنی رابین گوتی: وڵات لەلێواری شەڕی ناوخۆدا بوو، ئەو كوشتنە نەیهێشت، هەروەها ئەنوەر سادات-ی سەرۆكی میسریش لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن ئیسلامیی توندڕەو (خالد ئیسلامبولی)یەوە كوژرا، كاتێ پەیماننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ كرد، هاوكات رەوتی باكووری بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی كە پاسپۆرتی ئیسرائیلیان هەیە، بەڵام ددان بە دەوڵەتەكەدا نانێن و پەیماننامەی ئۆسلۆ رەت دەكەنەوە. ئەوان پێیان وایە بەشداریكردن لە هەڵبژاردندا ددانانە بە دەوڵەتی ئیسرائیلی داگیركاردا، بۆیە دروشمی (ئیسلام چارەسەرە)یان بەرزكردۆتەوە، كە دروشمی ئیخوان موسلمینە لە هەموو جیهان، چونكە رائید سەڵاح فیكری ئیخوانی هەبوو، بۆیە ناكۆكی كەوتە نێوان هەردوو لقەكەوە، لقی باشوور بە سەرۆكایەتیی دەروێش پێی وابوو كە رەوتەكەی نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی ئیسلامی دەكات، رائد سەڵاح و كەمال خەتیب تەنیا نوێنەرایەتیی خۆیان دەكەن، رەوتی رائید سەڵاح و رەوتی كەمال خەتیب بۆ بەرەنگاریی لقی باشوور بە سەرۆكایەتیی دەروێش یەكیان گرت و رائید سەڵاح بوو بە سەرۆك و خەتیبیش بە جێگری، لە كۆتاییدا دەروێش لقی باشووری پێكهێنا وەك فراكسیۆنی عەرەبی بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنەكانی كنێستی ئیسرائیل، فراكسیۆنی عەرەبی كە لە لقی باشووری بزووتنەوەی ئیسلامی و حزبی دیموكراتی عەرەبی پێكهاتبوون، چوار كورسییان بەدەست هێنا، لە ساڵی ١٩٩٩ پێنج كورسییان مسۆگەركرد، دەروێش و گرووپەكەی كاری خۆیان وەك هاووڵاتیی ئیسرائیلی دەستپێكرد، بۆیە دەروێش لە دیدارەكانیدا دەیگوت: عەرەبی ئیسرائیلی فەڵەستینیم، دواتر ئەمەی راست كردەوە كە موسڵمانێكی فەڵەستینی ئیسرائیلییە، شەمعون پێریس سەرۆكی ئیسرائیل بە یاوەریی گەورە بەرپرسانی حكومەت لەماڵەوە سەردانی كرد و داوای لێكرد بەشداریی ئاهەنگە فەرمییەكانی دەوڵەت بكات، دروشمی (ئیسلام چارەسەرە)ی گۆڕی و رایگەیاند كە بزووتنەوەكەی بەشێكی دانەبڕاوە لە دەوڵەتی ئیسرائیل، بۆیە دەورێش گوتی: من رقم لە جوو نییە، چۆن بێتاوانان لە كفرقاسم كوژران، بەهەمان شێوە لە تەلئەبیب و نتانیاش كوژران، من پێموایە كە جوو بەئەنقەست كەس ناكوژێت، هەروەك فەڵەستیتیش بە هەمان شێوە، بەڵام لە هەردوولا پەرگیر هەن، نموونەی ئەو پەرگیرانەش زۆرن، حكومەت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ لقی باكووردا بە سەرۆكایەتیی رائید سەڵاحدا ناكات لەبەر ئەوەی پشتگیریی حەماس و حزبوڵای لوبنانی دەكات، بۆیە وەزیری پێشووی ناوخۆ (ئافی دیختەر) رایگەیاند كە لقی باكوور كارە خێرخوازەكانی بۆ خزمەتی حەماس تەرخان دەكات، هەروەها لە ١٩٩٩ و ٢٠٠٣ هەندێ خۆكوژ كە سەر بە لقی باكوور بوون

**دۆناڵد ترەمپ شتێكی وای كرد، كە كەس نەیكردبێت، ئەویش ددانانە بە قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل، پرۆژەیەكی تازەشی هەیە كە بە گرێبەستی سەدە ناسراوە، یەكێك لە بەندەكانی ئەوەیە كە شارۆكەی ئەبودیس ببێتە پایتەختی داهاتووی دەوڵەتی فەڵەستین**

**مەسعود غەنایم پەرلەمانتاری لقی باشوور لە كێنێستی ئیسرائیل دەڵێت: ئێمە بزووتنەوەیەكی پەرلەمانیین و واقیعی ئیسرائیلمان قبووڵ كردووە، گوتاریشمان لەشێوەی گوتاری ئەفغانی نییە، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٦ هاتینە نێو كێنێستەوە تا گەمەی پەرلەمانی بكەین و خزمەت بە خەڵكی خۆمان بكەین**

کردەوەیان دژی سوپای ئیسرائیل ئەنجامدا، حکومەتی ئارییل شارۆن لە ساڵی ٢٠٠٤ ئەم بزووتنەوەیەی قەدەغەکرد، بەڵام هەندێك لە سەرانی شاباك Shin Bet- دەزگای ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل- ئەمەیان ڕەتکردەوە لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەو بزووتنەوەیە ببێتە ڕێکخراوێکی چەکداری نهێنی و هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، هەرچەندە وەزیری ئەمنی ئیسرائیل عوزی لنداو Uzi Landau گوتی: لە یاسا دەرچوونی لقی باکووری بزووتنەوەکە بەشێکە لە شەڕی دژ بە تیرۆر، سەرکردەیەکی لقی باشووریش گوتی: بۆ ئێمە ناخۆشە کە گەنجێکی فەڵەستینی پاسێکی فەڵەستینی دەتەقێنێتەوە و پیر و لاو و ئافرەت و منداڵ دەکوژێت و هەزاران جوو و عەرەب دەترسێنێت، زانانی ئیسلامی سیاسی نموونەی یوسف قەرەزاوی ئەمە بە کردەوەی شەهیدبوون لەپێناو خودا لێك دەدەنەوە، بەڵام زانایانی نەریتیی سەلەفی وەك ئیبن بازو محەمەد عوسەیمین و ئەلبانی ئەم کردەوانە یاساغ دەکەن و بەخۆکوژی لەقەڵەمی دەدەن و دەڵێن لە گوناهە گەورەکانە، دەروێش لەسەر رای زانایانی نەریتی سەلەفی پرۆتستۆی ئەو کردەوانەی کرد، کە ئەندامانی حەماس دژی ئیسرائیلییەکان ئەنجامی دەدەن، بێ گومان لەنێو جووشدا کەسی وا هەیە کە فتوای کوشتنی فەڵەستینییەکان دەدەن، لەبەرامبەردا ململانێی نێوان لقی باکوورو باشوور بۆ هەڵبژاردنەکانی یاسادانان توندتر بوو، لقی باکوور هانی عەرەبی دا لە ئیسرائیل بەشداری نەکەن، ئیسرائیلیش ئەمەی بە جوداخوازی لێکدایەوە، بەڵام لقی باشوور عەرەبی هان دا بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەشداریی تێدا بکەن، رائید سەڵاح سەرۆکی لقی باکوور وتار و بەیاننامەی زۆری لە رۆژنامەکەی خۆیدا (صوت الحق و الحریه) کە ساڵی ١٩٨٩ دەریکرد، بڵاوکردەوە، هەروەها موحازەرەو گوتاری خوێندەوە، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ بەشداری نەکرێت، هەوڵەکانی رائید سەڵاح سەریانگرت و لقی باشوور کورسییەکی بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ ململانێ توندتربوو، رائید سەڵاح رایگەیاند کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بێهوودەیە، چونکە کنێست بنەچەیەکی پرۆژەی زایۆنییە، لقی باشوور چەندین بەیاننامە و پەیامی لەسەر لقی باکوور لە رۆژنامەکەی خۆیدا بڵاوکردەوە، مەسعود غەنایم پەرلەمانتاری لقی باشوور لە کنێستی ئیسرائیل دەڵێت: ئێمە بزووتنەوەیەکی پەرلەمانیین و واقیعی ئیسرائیلمان قبووڵ کردووە، گوتاریشمان لەشێوەی گوتاری ئەفغلنی نییە، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٦ هاتینە نێو کنێستەوە تا گەمەی پەرلەمانی بکەین و خزمەت بە خەڵکی خۆمان بکەین، ئێمە پەیڕەوی فیقهێکی توندڕە و ناکەین کە کۆمەڵگەی ئیسرائیلی بە کافرو نەزان دابنێین. لە راستیدا لقی باکوور ئەم فتوایەی زانایانی ئیخوان موسلمینی لە حەرامیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی یاسادانانی ئیسرائیلی جێبەجێ کرد، لە نموونەی رابەری گشتیی ئیخوان مستەفا مەشهور و جێگرەکەی مەئمون هزێبی و فەتحی یەکن لە لوبنان و عەبدولمەجید زندانی لە یەمەن و قەرەزاوی و.. تاد، بزووتنەوەی حەماس فتوایەکی دەرکرد بە حەرامکردنی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیل، بەڵام لقی باشوور لەسەر بڕیاری بەشداریکردن مایەوە، بەیاننامەیەکیش لە لقی باشوورەوە دژی لقی باکوور دەرچوو، کە تێیدا هاتبوو: ئایا هەڵبژاردن لە هەموو جیهاندا دەرفەت نییە بۆ گۆڕانکاری لە کێشە نیشتمانی و مرۆیی و مەدەنییەکان؟ دواتریش بە توندی رەخنەی لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان گرت بەوەی کە ئایا منداڵ و بریندار و هەژارانی غەزە لە سەدان هەزار شیکلی ئیسرائیلی باشتر نین کە لە هەڵمەتی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان خەرجی دەکەن، کە لە بنەڕەتدا بۆ خەڵکی غەزە کۆتان کردبۆوە، ئەدی ئەو هەموو پارەتان لە کوێ هێنا بۆ ئەم مەبەستە؟ سەبارەت بە ئێمە سەرچاوە و لایەنی هەڵبژاردنەکان دیارە، ئەدی ئێوە؟

ناکۆکییەکانیان لە زانکۆکانی ئیسرائیل توندتربوو، بەڵام رائید سەڵاح دەڵێت: لەماوەی پەنجا ساڵدا نوێنەرانی عەرەب چییان کردووە، ئەوان کەمینەن لەبەرامبەر کۆدەنگیی جوو، دواییش ئیسرائیل بڕیاری دا دەوڵەت بە جوو بکات، عەرەبیش بۆ نیشتمانی ئەلتەرناتیف دەردەکرێن کە ئوردنە، بۆیە تاکە چارەسەر ئەوەیە کە بەرگری بکەین دژی داگیرکاری، کە رێگای رزگارکردنی نەتەوەیە، دواتر باسی لەو بەڵێنانە کرد کە بە فەڵەستینییەکان دراوە سەبارەت بە

**ئەنوەر سادات-ی سەرۆکی میسریش لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن ئیسلامیی توندڕەو (خالد ئیسلامبولی)یەوە کوژرا، کاتێ پەیماننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیسرائیلدا واژۆ کرد، هاوکات ڕەوتی باکووری بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە پاسپۆرتی ئیسرائیلییان هەیە، بەڵام ددان بە دەوڵەتەکەدا نانێن و پەیماننامەی ئۆسلۆ ڕەت دەکەنەوە**

**لە ساڵی ١٩٤٩ یەک ملیۆن جوو گەیشتنە ئیسرائیل، بەم شێوەیە دەوڵەت کۆمەڵگەی نیشتەجێکردنی دروست کرد، دواتر زنجیرە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد**

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆیان، وەك بەڵێنی بیل کلنتۆن لە کۆنگرەی شەرم شێخ و بەڵێنی جۆرج بوشی کوڕ لە کۆنگرەی ئەناپۆلیس The Annapolis Conference کاتێ گوتی: ناگاتە ساڵی ٢٠٠٨ دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستینی دەبینن، دواتر ئۆباما هات و هیچی بۆ نەکردن، لە ڕاستیدا دۆناڵد ترەمپ شتێکی وای کرد، کە کەس نەیکردبێت، ئەویش دانانە بە قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل، پرۆژەیەکی تازەشی هەیە کە بە گرێبەستی سەدە ناسراوە، یەکێك لە بەندەکانی ئەوەیە کە شارۆکەی ئەبودیس ببێتە پایتەختی داهاتووی دەوڵەتی فەڵەستین، لەگەڵ نیشتەجێکردنی پەنابەری فەڵەستینی لە ئوردن لەبەرامبەر وەرگرتنی ٤٥ ملیار دۆلار، لە سەردەمی سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوشی کوڕ پلانێکی هەبوو بۆ نیشتەجێکردنی هەندێ فەڵەستینی لە عێراق بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام لەبەرامبەردا سەرانی لقی باشوور دەڵێن کە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتی تاکە چارەسەرە لەگەڵ دەوڵەتانی زلهێز، حکومەتی ئیسرائیل بە سەرۆکایەتیی بنیامین نەتانیاهو Benjamin Netanyahu لە ساڵی ٢٠١٥ لقی باکووری بزووتنەوەی ئیسلامیی قەدەغەکرد، ئەمەش بە واژۆی وەزیری بەرگریی ئیسرائیل موسا یعالمون، دوای قەدەغەکردن جێگری بزووتنەوەکە کەمال خەتیب دێت و دەڵێت: بزووتنەوەکە پابەند دەبێت بە یاساکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، دادگای ئیسرائیل رائید سەلاحی تۆمەتبار کرد بە هاندانی توندوتیژی و تیرۆر، ئەویش کاتێ پێناسەی خۆی دەکات پێچەوانەی پێناسەی دەروێشە بۆ خۆی، کاتێ دەڵێت: موسڵمانێکی عەرەبی فەڵەستینی لەسەر خاك و ماڵی خۆی دەژی مافی هەتاهەتایی خۆیەتی، لە پێناسەی رائید سەلاح هیچ وشەیەك دەربارەی ئیسرائیل نابینین وەك ئەوەی دەروێش، مانای وا نییە کە لقی باشوور بێدەنگە بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئیسرائیل، کە بە توندی ڕەخنەی لێگرت، دەروێش دەڵێت: چاوەڕوانی حکومەتی ئیسرائیلمان کرد دەربارەی دەستپێشخەرییەکەی عەرەب کە سەرکردایەتیی سعودیە لە لووتکەی عەرەب لە ساڵی ٢٠٠٢ لە بەیروت ڕایگەیاند، بەڵام وەڵامی ئیسرائیل بریتی بوو لە پەلاماردانی بەرەی ڕۆژئاوا، عەبدوڵا سەرسور سەرۆکی لقی باشوور کە لە ساڵی ١٩٩٤دوای دەست لەکار کێشانەوەی دەروێش هات، دەڵێت: ئەمڕۆ ئیسرائیل لە هەموو کاتێکی پێشتر خراپترە، کێبڕکێ هەیە لەنێوان سەرکردە سیاسی و ئایینییەکانی ئیسرائیل لە بنبڕکردنی گەلی فەڵەستین، دیارە سەرکەوتنی حزبە ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیل هەڵوێستی میانڕەوی لقی باشووریان لاوازکردووە و متمانەی ڕاستتریان داوەتە لقی باکوور،کە دژی سیاسەتی ئیسرائیلە، پەیدابوونی حزبە ڕاستڕەوەکانی وەك حزبی لیکود Likud وشاس(حزبی پاسەوانانی تەورات) Shas وئیسرائیل ماڵمانە Yisrael Beitenu و مفدال(حزبی نەتەوەیی ئایینی ) (Mafdal) لەوەتەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی حکومەت هەر لە بنیامین نتنیاهو Benjamin Netanyahu لەنێوان ساڵانی (١٩٩٦-١٩٩٩) وئیهود باراك Ehud Barak لەنێوان ساڵانی (١٩٩٩-٢٠٠١) وئارییل شارۆن Ariel Sharon لەنێوان(٢٠٠١-٢٠٠٦) وئیهود ئۆلمەرت Ehud Olmert لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٩)، ئێستاش جارێکی دیکە بنیامین نەتانیاهو لە ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ئێستا، سەرکردایەتیی ڕاستڕەویی ئیسرائیل دەکات، بۆیە ماوەی سەرۆکایەتیی وەزیرانی ئەو درێژترین ماوەیە لە مێژووی ئیسرائیلدا، ئەمە بیروباوەڕی زۆربەی عەرەبی ئیسرائیلی پتەوکرد بەوەی کە ئیسرائیل ڕاستگۆ نییە لە بنیاتنانی دەوڵەتێك بۆ هەمووان، بەڵکو دەوڵەتێکی جووی ئایینی دەوێت، تەنیا بۆ جوو، بۆیە هەندێ لە سەرکردەکانی ڕاستڕەوی پەڕگیر وەك حاخام سیمۆن ئارییە داویان کرد، مزگەوتی ئەقسا بڕووخێنن بۆ بنیاتنانی پەیکەری سلێمان، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە سەرۆکی حزبی (ئیسرائیل ماڵمانە) ئەفیگدۆر لیبرمان Avigdor Lieberman کاتێ پۆستی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلی وەرگرت، ڕووبەڕووی میسر بۆوە و داوای کرد سەددولعالی بە بۆمبی ئەتۆمی بۆردومان بکرێت و میسرییەکان نوقمی ڕووباری نیل بکرێن، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی کە میسر پێشوازیی لێ نەکات، بێ گومان ڕاستڕەوی مەسیحیی ئەمریکی گەورەترین پاڵپشتی ڕاستڕەوی جووە لە ئیسرائیل، بۆیە پەیوەندییەکانیان دوای هاتنی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا زیاتر پەرەی سەندووە.

**میسر لە ساڵی ١٩٧٧ پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆرکرد، کاتێ سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات) بۆ یەکەم جار لەسەر داوای سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل (مناحیم بیگن) سەردانی ئەو وڵاتەی کرد و ڕێککەوتن کە ئیسرائیل بەرامبەر بە دانپێدانانی میسر بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا لە سینا بکشێتەوە**

**ڕاستڕەوی مەسیحیی ئەمریکی گەورەترین پاڵپشتی ڕاستڕەوی جووە لە ئیسرائیل، بۆیە پەیوەندییەکانیان دوای هاتنی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا زیاتر پەرەی سەندووە**



**د.شاخەوان زاهیر**
بەڕێوەبەری پەرەپێدان لە کۆمپانیای ئاوامیدیکا بۆ گوڵان:

# کارگەی ئاوامیدیکا ١٢٠ جۆر دەرمان بەرهەم دەهێنێت و لە کوردستان و عێراقیش بەکاردەهێنرێت

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رابردوودا هەنگاوی باشی ناوە لە بواری دروستکردنی نەخۆشخانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بەڵام لە هەندێك بواردا کەلێن و کەموکورتی ماون، وەك بوارەکانی دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕ و سیستەمی چاودێریی تەندروستی و بەرهەمهێنانی دەرمان و پێداویستییە پزیشیکییەکان لە ناوخۆی هەرێمدا، واتە لە بواری ژێرخانی دەرمانسازیدا کەلێنی گەورە هەیە، بە رادەیەك هەندێك سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە کەمتر لە ٥٪ی بەکارهێنانی دەرمانی ناوخۆ لەلایەن کارگە و کۆمپانیا خۆماڵییەکانی دەرمانەوە دابین دەکرێت، ئەمەش رێژەیەکی زۆر نزمە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە دوو وڵاتی وەکو ئوردون و ئێران، لە وڵاتی ئوردن لە ٩٧٪ی بەکارهێنانی دەرمان لەلایەن کارگەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە دابین دەکرێت و لە ئێرانیش ئەو رێژەیە زۆر بەرزترەو بەرەو ٩٩٪ دەچێت. بەرهەمهێنانی دەرمان لە ناوخۆدا جگە لە سوودەکانی باشتر کۆنترۆڵکردن و لێپرسینەوە و ئاگاداربوون لە کوالێتییەکەی لە هەڵبژاردنی دەرمانیش هاوڵاتی دوچاری ئەو بێسەروبەرییە نابێت، ئەمە وێڕای ئەوەی لە رووی ئابووری و وەبەرهێنانیشەوە ئەو نەزیفە رادەوەستێندرێت کە ساڵانە بە هۆی هێنانی دەرمانەوە ملیۆنەها دۆلار دەچێتە دەرەوەی سنوورەکان. بۆ قسەکردن لەسەر بەرهەمهێنانی دەرمان، کۆمپانیای ئاوامیدیکا-مان هەڵبژارد و چەند پرسیارێکمان ئاراستەکردن و د.شاخەوان زاهیر بەڕێوەبەری پەرەپێدان لە کۆمپانیای ئاوامیدیکا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** دروستکردنی کارگەی ئاوامیدیکا بۆ دەرمان، هەنگاوێکی گرنگ بوو، بۆ ئەوەی ژێرخانی دەرمانسازی لە کوردستان دابمەزرێت، ئایا ئەم کارگەیە چ جۆرە دەرمانێك دروست دەکات و ئاستی کوالێتی چۆنە؟**

- هەرێمی کوردستان شوێنێکی زۆر لەبار و گونجاوە بۆ دروستکردنی کارگەی دەرمان، ئەمە وێڕای ئەوەی کەرتی دەرمان دەچێتە ناو چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەییەوە بەو پێیەی سێکتەری تەندروستی پێویستە لەژێر کۆنترۆڵی خۆماندا بێت و سەربەخۆیی ئەم کەرتەش پێویستی بەکۆمەڵێك کارگەی تایبەت بەدروستکردنی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی هەیە، لەم روانگەیەوە ١٢ ساڵ لەمەوبەر بیرۆکەی دروستکردنی کارگەی ئاوا میدیکا بۆ دەرمان دەرکەوت و هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشخستنی ژێرخانی دەرمانسازی و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی، ئەوەی زۆر گرنگیشە کارگەی ئاوامیدیکا لە ناوخۆی کوردستان و لەژێر چاودێریی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستاندایە و لەنزیکەوە ئاگاداری کوالێتی و بەرهەمەکانی کارگەکەمانن، بەپێچەوانەی بەرهەمی کارگە بیانییەکان لەگەڵ هەر کەموکورتییەك دەتواندرێت ئاوامیدیکا راستەوخۆ رووبەرووی یاساو دادگای بکرێتەوە. راستە کەرتی دروستکردنی دەرمان بەهاوشێوەی بیزنسەکانی دیکەی بازرگانی و دروستکردنی عەقارات قازانجی خێرای نییە، بەڵام بەو پێیەی پرۆژەکە لە رووی کەڵکی ئابوورییەوە پرۆژەیەکی ستراتیژیی و بێ وێنەیە، بۆیە روویان لەم بوارە کردۆتەوە. لەکاتی ریفراندۆم کاتێك سنوورەکانمان لەسەر داخرا و تەنانەت رێگایان نەدا لە هەردوو سنووری ئێران و عێراقەوە دەرمان و پێداویستییەکانی پزیشکی بهێنرێتە کوردستانەوە، ئەو کات ستراتیژی و

**بەپێچەوانەی بەرهەمی کارگە بیانییەکان لەگەڵ هەر کەموکورتییەک دەتواندرێت ئاوامیدیکا راستەوخۆ رووبەڕووی یاساو دادگای بکرێتەوە**

**لەکاتی ریفراندۆم کاتێک سنوورەکانمان لەسەر داخرا و تەنانەت رێگایان نەدا لەهەردوو سنووری ئێران و عێراقەوە دەرمان و پێداویستییەکانی پزیشکی بهێنرێتە کوردستانەوە، ئەو کات ستراتیژی و گەورەیی کەرتی بەرهەمهێنانی دەرمانمان بۆ دەرکەوت**

**هەموو دەرمانەکانمان بەپێی ستانداردی ئەوروپییە و لە سەرچاوە جیهانییەکانەوە هێنراون، کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ئەمە وێڕای ئەوەی پشتمان بەکەرەستەی سەرەتایی باوەڕپێکراو و باش بەستووە و هەمووی بڕوانامەی جیهانیی لەگەڵ بووە**

**تاقیگەکانی ئاوا میدیکا یەکێکە لە تاقیگە هەرە پێشکەوتووەکان و لە عێراقدا هاوشێوەی نییە، هیچ دەرمان و بەرهەمێکی ئاوامیدیکا نییە کە بە زنجیرەیەک لە تاقیکردنەوە و پشکنین و کاری چاودێریدا تێپەڕ نەبێت**

**ماوەیەک لەمەوبەر بۆشایی و کەلێنێک لەنێوان ئاوامیدیکاو پزیشکەکاندا هەبوو، ئێستا ئاوامیدیکا پردی پەیوەندیی باشی کردۆتەوە و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکانودەرمانسازانی کوردستان و دەرمانخانەکانی کوردستان هەنگاوی گەورەمان ناوە**

گەورەیی کەرتی بەرهەمهێنانی دەرمانمان بۆ دەرکەوت، ئەمە ئەوەی نیشان داین کە لە داهاتوودا پێویستە کەرتی دروستکردنی دەرمان فراوان بکرێت و پەرەی پێ بدرێت، چونکە ناکرێت گەلی کوردستان تەنیا پشت ببەستێت بە هێنانی دەرمان و کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییەکان لەدەرەوەی وڵات، لەکاتێکدا وڵاتێکی وەکو ئوردن بە رێژەی ٪۹۷ بۆ دابینکردنی دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکانی پشت بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەستێت و ئێران لە ٪۹۹ ی دەرمانەکانی کە لە ناوخۆدا بەکاردەهێنرێن بەرهەمی ناوخۆیەتی، بەم شێوەیە زۆربەی وڵاتانی دنیا بەرێژەیەکی زۆر بەرز دەرمانی کارگەکانی ناوخۆ بەکار دەهێنێت.

سەبارەت بەتەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان ئەمڕۆ لە ئاوامیدیکا زیاتر لە ۱۲۰ جۆر دەرمان دروست دەکەین، هەر لە کەپسوول و حەب و شروب و پاودەری گیراوە و کلێم و جێڵ و هەرچی دەرمانەکانی دەرزی و قەترەی چاوو تەحامیل و چەندین بواری دیکە هەیە، خۆشبەختانە هەموو دەرمانەکانمان بەپێی ستانداردی ئەوروپییە و لە سەرچاوە جیهانییەکانەوە هێنراون، کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ئەمە وێڕای ئەوەی پشتمان بەکەرەستەی سەرەتایی rao matrial باوەڕپێکراو و باش بەستووە و هەمووی بڕوانامەی جیهانیی لەگەڵ بووە، ئەوجا داخلی هێڵەکانی بەرهەمهێنانی ئاوامیدیکا کراون، ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەرچی ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی دەرمان هەیە دوای ئەوەی لە کوالێتی کۆنترۆڵ و وەزارەتی تەندروستی لەخاڵە سنوورییەکانەوە رێگەمان پێدەدەن و لە ئاستێکی بەرزی کوالێتی دایە، ئەوجا لەناوخۆی کۆمپانیاکەشماندا پێش ئەوەی ئەو کەرەستەیە بچێتە بواری بەرهەمهێنانی دەرمانەوە، بەکۆمەڵێك پرۆسەی تاقیکردنەوە و پشکنیدا تێپەڕدەبن، ئەو کات کەرەستەکە دەچێتە خانەی کەرەستە سەرەتاییە رێگەپێدراوەکان بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان، تەنانەت لەکاتی دروستکردنی دەرمانیشدا تاقیکردنەوە بۆ بەرهەمەکانمان دەکرێت بۆ ئەوەی بزانین کەرەستەکە گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، تاقیگەکانی ئاوا میدیکا یەکێکە لە تاقیگە هەرە پێشکەوتووەکان و لە عێراقدا هاوشێوەی نییە، هیچ دەرمان و بەرهەمێکی ئاوامیدیکا نییە کە بە زنجیرەیەك لە تاقیکردنەوە و پشکنین و کاری چاودێریدا تێپەڕ نەبێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کارگەی دەرمانی ئاوامیدیکا خاوەنی کۆمەڵێك بڕوانامەی بەرزی جیهانی بێت و دوو بڕوانامەی ISO ی نێودەوڵەتیمان هەیە و بڕوانامەی (GMP) عێراقیمان هەیە و بەم نزیکانەش کار لەسەر بەدەستهێنانی دوو بڕوانامەی GMP)- ئوردونی و ئەوروپی) دەکەین، چونکە لە رووی کوالێتییەوە بەرهەمەکانی ئاوامیدیکا لەئاستێکی بەرزدان.

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت دەرمانەکانی کارگەی ئاوامیدیکا کەمتر لە دەرمانخانەکانی کوردستان دەبینیرێن، یان راشکاوانەتر بڵێم پزیشکەکانی کوردستان ئەو دەرمانانە بۆ نەخۆش نانووسن، ئایا دەرمانەکانی ئێوە لە دەرمانخانەکان نین، یان کوالێتیان باش نییە و خەڵك بە پیریانەوە ناچێت؟**

- دەرمانەکانی ئاوامیدیکا لە ناوخۆی کوردستان و عێراقدا لەلایەن هەردوو وەزارەتی تەندروستی عێراق و کوردستانەوە بەکار دەهێنرێن و باوەڕپێکراون، لەرووی کوالێتییەوە شانبەشانی دەرمانەکانی ئەو دەوڵەتانەیە کە زۆر پێشکەوتوون و لەژێر چاودێرییەکی توندان، بۆ نموونە: لە ناوچەکەماندا دەرمانی ئوردونی و ئیماراتی زۆر ناوبانگیان هەیە، بەرهەماکانی ئاوامیدیکایش شانبەشانی بەرهەمەکانی ئەو دوو وڵاتەن و ئەگەر باشتر نەبن هیچ کەمتر نین، دەرمانەکانی ئێمە زۆر لە بەرهەمەکانی ئێران و تورکیا باشترە، شارەزایانی دەرمان بەتایبەتی کارمەند و کادیرەکانی کۆمپانیاکەمان تا دەرمانی ئاوامیدیکا هەبێت، هیچ دەرمانێکی دیکە بەکارناهێنن، هەر ئەمەشە وایکردووە دەرمانەکانی ئاوامیدیکا لەهەموو دەرمانخانەکانی کوردستان هەبێت و رەواجێکی باشی لەسەر هەیە، بگرە ماوەیەکە پزیشکەکانی کوردستان دەرمانەکانی ئاوامیدکا بۆ نەخۆش دەنووسن ماوەیەك لەمەوبەر بۆشایی و کەلێنێك لەنێوان ئاوامیدیکاو پزیشکەکاندا هەبوو، ئێستا ئاوامیدیکا پردی پەیوەندیی باشی کردۆتەوە و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و

سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازانی کوردستان و دەرمانخانەکانی کوردستان هەنگاوی گەورەمان ناوە، ئەمڕۆ ئاوامیدیکا متمانەیەکی بەرزی بە پزیشکەکانی کوردستان هەیە و ئەوانیش متمانەیەکی گەورەیان بەبەرهەمەکانی کارگەکەمان هەیە و بەرهەمەکانمان لە زاخۆوە تا بەسرە دابەش دەکرێت و ناوو ناوبانگی خۆمان هەیە، ئاوامیدیکا لە عێراقدا لە ریزبەندی ئەو کارگە و کۆمپانیانەن کە پێیان دەوترێت CLASS A، واتا ئاوامیدیکا لەهەرە کارگە باشەکانی عێراقە، ئەوەی دەمێنێتەوە بوونی کێبڕکێیە بۆ دابینکردنی دەرمان بۆ وەزارەتی تەندروستی عێراقك کە لەمەشدا سەرکەوتوو بووین و لە ریزبەندی پێشەوەین و گرێبەستمان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی تەندروستدی کوردستان و عێراق هەیە، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی تەندروستی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش خۆشبەختانە بۆ دابینکردنی دەرمان کۆنتراکتمان هەیەك بەتایبەتی دەرمانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، ئەوەی من ئاگاداربم وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی تەندروستی زۆر رازین لە بەرهەمەکانمان و متمانەی تەواویان پێی هەیە و کوالیتیان لەهەموو تاقیگەکانیان سەرکەوتوو بووە، بەردەوام تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی سەردانمان دەکەن و لەنزیکەوە ئاگاداری بەهەمەکانی کارگەکانمانن، ئەمە لەکاتێکدا دەرمانی وڵاتانی بیانی وەکو هیند و چین و مالیزیا و بەنگلادیش و وڵاتانی ئەفریقایی ناتواندرێت متمانە بەبەرهەمەکانیان بکرێت، چونکە لەکاتی بوونی کەموکورتیدا ناتواندرێت ئەو کارگانە رووبەرووی لێپرسینەوە و دادگا بکرێنەوە، هەرێمی کوردستان دەزانێت چاودێرییەکی توندی بەرهەمی کارگەکانی دەرمان لە ناوخۆی کوردستان هەر لەداخڵبوونی کەرەستەکانی دەرمانە لە رێگەی کوالێتی کۆنترۆڵەوە تاوەکو کاری پشکنینی خولی بەرهەمی کارگەکەمان بکات، تاقیگە و هۆڵەکانی ئێمە ئەوەندە پێشکەوتوون کە زۆربەی جار کوالێتی کۆنترۆڵ دێنە تاقیگەکانمان بۆ پشکنینی دەرمانەکانی وڵاتانی بیانی و ئەنجامدانی راهێنان لەسەر ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری دەرمان بەرهەمهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریی گشتی نەك تەنیا لە کەرتی دەرماندا، بەڵکو لەسەرجەم بەرهەمەکانی ناوخۆ نەگەیشتۆتە ئاستێکی وا بەرز کە چیتر ئەوەندە گرنگی بەبەرهەمی بیانی نەدەن، ئەمەش بۆ کولتوورێك دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە سالآنی پێشوو کارگەکانی ناوخۆ لەبوارەکانی دیکەی بەرهەمهێناندا لە ئاستی کوالێتی بەرهەمی بیانی نەبوون، هەربۆیە هێشتا ئەو کولتوور و رۆشنبیرییە ئابووری و تەندروستییە بوونی ماوە، کە خەڵکی بەرهەمی بیانی بە باشتر و کوالێتی بەرزتر دەزانێت، ئەگەر بێتو نرخەکەشی گرانتر بێت ئەوا ئەوەندەی تر وادەزانن ئەو دەرمانە باشترە، ئەمەرۆشنبیری و هۆشیارییەکی زۆر هەڵەیە، ئەرکی حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندنەکانە ئەو بێمتمانەییەی لەنێوان بەرهەمی ناوخۆ و بەکاربەری ناوخۆ هەیە نەمێنێت، لەمەشدا راگەیاندن رۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە خستنەوەی بێ متمانەیی لەنێوان دکتۆر و نەخۆش و دەرمانی بیانی و دەرمانی ناوخۆ، راگەیاندن وایکرد خەڵکی متمانەیان بەبەرهەمی ناوخۆ نەمێنێت، لە هەموو دنیادا تا بەرهەمی ناوخۆ راوەستابێت خەڵکی بەرهەمی بیانی بەکار ناهێنن، ئەمە وێڕای ئەوەی ئابووری وڵات و بژێویی ژیانی خەڵك و هەلی کاری هاونیشتمانییانە، ئەمە متمانەشی زیاترە بەو پێیەی لەکاتی هەر کەموکورتیەکدا دەکرێت ئەو لایەنە رووبەرووی لێپرسینەوەی یاسایی و ماددی و قەزایی بکەیتەوە. ئەمە تەنیا بۆ خراپیی ئەو کلتوورە و غیابی هۆشیاریی نییە، بەڵکو کەموکورتیی سیستەمە کە وایکردووە هاووڵاتی بەرهەمی ناوخۆی وڵاتەکەیی و هاونیشتمانیانی خۆش نەوێت، ئێمە هەرگیز لە ئاوامیدیکا لەگەڵ ئەوە نین بەرهەمی ناوخۆ خراپ بێت و هاوڵاتی بەکاری بهێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەداین کوالێتی کۆنترۆڵ لە هەر بوارێکدا ئەگەر بەرهەمێکی خراپی بینی، لێپرسینەوەی توندی لەگەڵدا بکات، ئاوامیدیکا باوەڕی بەوە هەیە هاووڵاتیانی کوردستان مافی خۆیانە باشترین بەرهەم و بەرزترین کوالێتی کەرەستە

**ماوەیەک لەمەوبەر بۆشایی و کەلێنێک لەنێوان ئاوامیدیکاو پزیشکەکاندا هەبوو، ئێستا ئاوامیدیکا پردی پەیوەندی باشی کردۆتەوە و لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازانی کوردستان و دەرمانخانەکانی کوردستان هەنگاوی گەورەمان ناوە**

**ئەرکی حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندنەکانە ئەو بێمتمانەییەی نەهێڵن کە لەنێوان بەرهەمی ناوخۆ و بەکاربەری ناوخۆ هەیە**

**راگەیاندن رۆڵێکی زۆر خراپی هەبوو لە خستنەوەی بێ متمانەیی لەنێوان دکتۆر و نەخۆش و دەرمانی بیانی و دەرمانی ناوخۆ، وایشیکردووە خەڵکی متمانەیان بە بەرهەمی ناوخۆ نەمێنێت**

**لەگەڵ کۆمەڵێک رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازیدا پەیوەندی و هەماهەنگیی زۆر باشمان هەیە، لەوانە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و پزیشکانی بێ سنوور و خاچی سوور و چەندین رێکخراوی دیکەی ناوخۆ**



**بەردەوام تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی سەردانمان دەکەن و لە نزیکەوە ئاگاداری بەهەمەکانی کارگەکانمانن، ئەمە لەکاتێکدا دەرمانی وڵاتانی بیانی وەکو هیند و چین و مالیزیا و بەنگلادیش و وڵاتانی ئەفریقایی ناتواندرێت متمانە بەبەرهەمەکانیان بکرێت، چونکە لەکاتی بوونی کەموکورتیدا ناتواندرێت ئەو کارگانە رووبەڕووی لێپرسینەوە و دادگا بکرێنەوە**

و پێداویستییەکانی خۆیان بەکاربهێنن، هەر واشمان کردووە، باشترین کەرەستە و کارگە و شارەزایان لە بەرهەمهێنانی دەرماندا بەشدارن، لە بەرامبەریشدا ئومێدمان زۆرە هاووڵاتی و بەکارهێنەری ناوخۆ پاڵپشتمان بێت و متمانەی بە بەرهەمەکانی کارگەکەمان هەبێت. بێمتمانەیی هاووڵاتیان بە بەرهەمی ناوخۆ لەلای ئێمە دروست نەبووە، بەڵکو کەڵەکەبووی چەند ساڵەیە کە بەهۆیەوە زیانێکی گەورە بەو کارگانەش دەکەوێت کە لە ئاستێکی بەرزی کوالێتیدا بەرهەمیان هەیە. پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا بەهەمووان لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆ کار لەسەر هۆشیاریی ناوخۆ و گەڕانەوەی متمانەی خەڵکی بکەین.

**نامتمانەیی خەڵکی بە بەرهەمی ناوخۆ جگە لەوەی بەهۆی کولتووری ساڵانی پێشوو و خراپی بەرهەمی ناوخۆوە دروست بووە، هاوکات بەهۆی ئەو کەلێنەشەوە دروست بووە کە لەنێوان بیزنس و سەرمایەدار و خەڵکی هەیە، ئایا کارگەکەی ئێوە لە رووی کۆمەڵایەتی و خێرخوازییەوە چ کاروچالاکییەکی هەیە، تاوەکو ئەو کەلێنەی نێوان وەبەرهێن و خەڵکی کەم ببێتەوە؟**

- ئێمە لایەنی کۆمەڵایەتی و خێرخوازیمان فەرامۆش نەکردووە، لەگەڵ کۆمەڵێك رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازیدا پەیوەندی و هەماهەنگیی زۆر باشمان هەیە، لەوانە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و پزیشکانی بێ سنوور و خاچی سوور و چەندین رێکخراوی دیکەی ناوخۆ، زۆربەی جار ئێمە دەرمانیان پێ دەفرۆشین بەنرخێکی زۆر گونجاو، بەنزیك لە نرخی تێچوون لە ئاوامیدیکا نرخی تایبەتمان هەیە بۆ رێکخراوە خێرخوازییەکان، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی جار لە نەخۆشخانەکان دەرمانمان داونەتێ بە بێ وەرگرتنی پارە بەراستەوخۆ، یان دەرمانمان داوەتە رێکخراوەکانی خێرخوازی





بۆ ئۆردوگاکان.

*** باس لەوە دەکرێت ئێوە دەرمانەکانتان بە دەرەوەی کوردستان دەفرۆشن، ئایا هۆکاری ئەوە چییە دەرمانەکان بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکارناهێنن؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا دەرمانەکانی ئاوامیدیکا لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆیە سنوورەکانی تێپەڕاندووە و بۆ دەرەوەی کوردستان دەرمانمان ناردووە، بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچە و وڵاتانەی شەڕیان تێدابووە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە.

*** کێشەی سەرەکیی تەندروستی کوردستان، هەمەجۆریی سەرچاوەکانی هاوردەکردنی دەرمانە، تەنانەت کاتێك نەخۆش دەچێتە دەرمانخانەیەك، دەکەوێتە بەردەم چەند هەڵبژاردەیەك بۆ ئەوەی کام دەرمانی دەوێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا بوونی ئەم هەموو سەرچاوە جیاوازانە بۆیەك دەرمان تاچەند کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیی هاووڵاتیان بەجێ دەهێڵێت؟**

- لە هەموو دنیا کەرتی دەرمان جگە لەوەی کەرتێکی هەستیارە، هاوکات پەیوەستە بەئاسایشی نەتەوەییەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیان و مردنی خەڵکەوە هەیە، ئەگەر شەقامێك بەهەڵە و کەموکورتی دروست بێت ڕەنگە بتواندرێت چاك بکرێتەوە، یان چاوپۆشی لێبکرێت، بەڵام خراپیی دەرمان و کەموکورتی لەم بوارەدا مردن و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، ڕێکخستنی کەرتی دەرمانیش پێویستی بەیاسای زۆر تایبەت هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاریی گەورە هەیە، هەربۆیە پێویستە ئەم بوارە و یاساکانی تایبەت بە دەرمان ڕێکبخرێتەوە و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ بکرێت. بوونی ئەم هەموو دەرمان و جۆرانە بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە و پێویستی بەڕێکخستنەوە هەیە، چونکە


**لە هەموو دنیا کەرتی دەرمان جگە لەوەی کەرتێکی هەستیارە، هاوکات پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیان و مردنی خەڵکەوە هەیە**





کۆنترۆڵکردنی ئەو هەموو سەرچاوانەی دەرمان کارێکی ئاسان نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەدەرمانخانەکاندا بۆ هاووڵاتی کێشەیە و سەری لێ دەرناکات، زۆرجاریش هۆکارەکە دەرمانێك دەبێت کە راستەوخۆ ئەو مارکە و کارگەیەی کە دەرمانەکەی دەهێنێتە کوردستان نامێنێت و مارکە و بەرهەمی کۆمپانیایەکی دیکە دەهێندرێت، منیش لەگەڵ ئەوەدام لە رووی نرخ و شارەزاییەوە ناکرێت ئەو هەموو جۆری دەرمانە و لەرێگەی ئەو هەموو سەرچاوەیەوە بهێندرێتە کوردستانەوە، ئازادی بازرگانی واتای ئەوە نییە بازاڕێکی بێسەروبەر و هەرکەس بە ئارەزووی خۆی دەرمان و کەرستە پزیشکییەکان بهێنێتە کوردستان، ئەوەتا گەورەترین زیان بەر نەخۆش و خەڵکی کەوتووە لەهێنانی ئەو هەموو کەرەستە پزیشکییە کوالیێت لاوازانەوە، رێگا کراوەتەوە بۆ قاچاخچی و خەڵکی ناشارەزا، من ناڵێم لێرە هیچ رێوشوێنێك نییە بەڵام لاوازیی تێدایە، چونکە ناکرێت ئەو هەموو سەرچاوەیەی هێنانی دەرمانت هەبێت و بتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت، لە ئەڵمانیا ئەگەر دەرمان تێپەڕێندرێتە ناو وڵاتەکەوە، دەبێت بەکۆمەڵێك فیلتەردا تێپەڕ بێت، لێرەش پێویستە ئەو فیلتەرانە دابنرێت، بەداخەوە لە کوردستان دەرمانی کوالیێتی خراپ زۆر داخڵی دەبێت، پێم سەیرە لێرە دەرمانی بەنگلادیشی و فەلەستینی دەفرۆشرێت، راستە کارگەکانی ناوخۆ لە حاڵەتی ئێستادا توانای نییە هەموو جۆرە دەرمان و بڕێك دروست بکات، بۆیە ئێمە داواناکەین رێگری بکرێت لە هێنانی دەرمان، بەڵام با سنوورێکی بۆ دابنێین، وڵاتێکی وەکو ئێران لە ٩٩٪ ی پێداویستیەکانی ناوخۆی دەرمان دابین دەکات، بەداخەوە لەکوردستاندا لە ٠.٥٪ی دەرمانەکانی کە بەکاردەهێنرێن لە ناوخۆدا بەرهەم هاتوون، ئەمە گرفتێکی گەورەیە نەك تەنیا لەکەرتی تەندروستی بەڵکو لەبواری ئابووری و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێمدا، ساڵانە پارەیەکی زۆر کە بەملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت بەهۆی هێنانی دەرمانەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و تەنانەت بەشێکی لەم پارانە بەهەدەردەچێت چونکە لە هێنانی دەرمانێکی کوالیێتی خراپدا خەرج دەکرێت، لەکاتێکدا ئەگەر کارگەکان لەناوخۆدا بێت تەنیا

**رێگا کراوەتەوە بۆ قاچاخچی و خەڵکی ناشارەزا، ناڵێم لێرە هیچ رێوشوێنێک نییە، بەڵام لاوازیی تێدایە، چونکە ناکرێت ئەو هەموو سەرچاوەیەی هێنانی دەرمانت هەبێت و نەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت**



پارەی کەرەستە سەرەتاییەکان خەرج دەکرێت و ئەوی دی لە ناوخۆی وڵاتدا دەکرێت وەبەرهێنان و کەرتی دروستکردنی دەرمانی پێ فراوان بکرێیت، بەو ئومێدەی لەکوردستاندا کارگە دروست بکەین بتوانێت کەرەستە سەرەتاییەکانیش بەرهەم بهێنێت.

*** پاڵپشتی و هاوکاریی حکومەت بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی کارگەی ئاوامیدیکا تاچەند گرنگە، ئایا پێشنیار و بۆچوونتان بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی دەرمانی ناوخۆ چییە؟**

ئاوامیدیکا سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتییانە دەکات کە هاوکاریی سەرکەوتنی ئەم پرۆژە ستراتیژییە بوون، بەتایبەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی گشتی هاوکاری هەموو ئەو وەبەرهێنانەیان کردووە کە کاریان بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی وڵات و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ کردووە، هەروەها زۆر سوپاسی وەزارەتی تەندروستی و پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و وەزارەتی تەندروستی عێراق دەکەین، کە ئاسانکاریی باشیان پێشکەش کردووین، ئێمەش لەبەرامبەردا بەنرخی زۆر داشکێنراو دەرمانمان بۆ دابین کردوون. لە رێگەی گۆڤارەکەشتانەوە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئێمە لەکەرتی تایبەت و وەبەرهێنان پێویستیمان بەوە هەیە هەندێك یاسا و تەشریعاتی تایبەت بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت هەیە پێویستیان بە گۆڕانکارییە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ سەردەمەکە و قۆناغەکەدا بگونجێت و هاندەربێت بۆ ئەوەی تێچوونمان کەم بکاتەوە و بتوانین لەگەڵ کارگە بیانیەکان و بەرهەمە زۆر پێشکەوتووەکانی دنیا کێبرکێ بکەین، ئەگەرچی یاسا بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت هەیە، بەڵام بەپێی پێویست نین، یاساکان جیاوازییان نەکردووە لەنێوان بیزنسێك کە لە بواری عەقارات و بازرگانی کار دەکات، لەگەڵ بیزنسێکدا کە لەبوارێکی قورس و هەستیاری وا کار دەکات کە ماوەیەکی زەمەنی دەوێت تاوەکو داهاتەکەی دەست بکەوێتەوە.

**ساڵانە پارەیەکی زۆر کە بەملیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت بەهۆی هێنانی دەرمانەوە دەچێتە دەرەوەی وڵات و تەنانەت بەشێکی لەم پارانە بەهەدەردەچێت چونکە لە هێنانی دەرمانێکی کوالێتی خراپدا خەرج دەکرێت**